


# هەژار وای گوت

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: جەبار جەمال غەریب


# پێڕست:

– کورتە ژیاننامە............................................................... ٣

## هەژار وای گوت:

– ئەگەر (چێشتی مجێور)ی هەژارت سەد جار خوێندووەتەوە، ئەوە پێویستە جارێکی دیکەشی بخوێنییەوە.......... ٥
– تۆ بڵێی خانی لە تەرجوومەکەم ڕازی بێ................................................ ١٠
– بۆ نەیکەمە سۆرانی؟.................................................................. ١٣
– بڵێی خانی لە تەرجوومەکەم ڕازی بووبێ؟............................................. ١٧
– جاسم ئاوی ماڵی سوننیی خواردووەتەوە............................................... ٢٢
– ئەوەی جنێوەکە بدات سواری گاریەکەمی دەکەم........................................ ٢٦
– تا نەیزانی مەسیحیم دەستی لێ بەرنەدام............................................... ٣٠
– مجێور هات بەردە مۆرەکەی فڕێ دا و دەریکردم....................................... ٣٤
– جوویەکی سابڵاغی دەڵاڵی بازاڕە........................................................ ٣٧
– دڵم لەرزی! نەکا ڕەفیق چالاک ناوی منیش بڵێ........................................ ٤٢
– دەمگوت بزانم سەگبابێک دەزانێ خوێم تێنەکردووە؟.................................... ٤٦
– هەی فاسق ماڵەکەم چۆڵ کە!........................................................... ٥٠

## کورتە ژیاننامە



جەبار جەمال غەریب (بە ئینگلیزی: jabar jamal gharib)

نووسەر و لێکۆڵەری کورد لە ساڵی ١٩٦١ لە قەڵادزێ لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی لەو شارە تەواو کردووە.

بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە بەغدا و لە ساڵی ١٩٨٥ لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب، زانکۆی بەغداد وەرگیراوە.

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

**لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٨٠ دەستی داوەتە نووسین و خاوەن چەندین ڕۆمان، چیرۆک و لێکۆڵینەوەیە. ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی لە لایەن ڕەزا کەریم مجاوەرەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.**

**نوێترین بەرهەمی جەبار جەمال غەریب بە ناونیشانی "میراتگری عەشق" لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاو کراوەتە.**

**شایەنی باسە نووسەر بۆ کارە ئەدەبییەکانی خەڵاتی (حسێن عارف)ی پێ بەخشراوە.**

### بەرهەمەکان:

- **زێبرا، ناوێک بۆسەر کێلەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی**
- **پێنجەمین کتێب**
- **پێنجەمین کتێبی خودا**
- **کتێبێک کە بووە سیمۆرغ**
- **سەردەمی گریانی بەلقیس، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی**
- **کەوتنی ئاسمانەکان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی**
- **دنیا لە کتێبێکدا، یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠٠٢.**
- **ئەو باڵندە فڕیوانەی کە زبڵن، یەکێتیی نووسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠١١.**
- **نەتەوەی زێرابەکان، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە، سلێمانی**


### وەرگێڕان

**کتێبەکانی (پێنجەمین کتێب (لە فارسی :اسفار سرگردانی)) و (کتێبێک کە بووە سیمۆرغ) بە دەستی ڕەزا کەریم**

**موجاور وەگێڕاوەتەوە لە سەری زمانی فارسی.**

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

# هەژار وای گوت




١

**ئەگەر (چێشتی مجێور)ی هەژارت سەد جار خوێندووەتەوە، ئەوە پێویستە جارێکی دیکەشی بخوێنییەوە.**

**یەکەم دەستپێکردنی ئەو وتارانەم لە ڕۆژنامەی (باس) بەوە بوو کە قەرزی هەندێک لەو گەورە نووسەر و زانایانە بدەمەوە کە لێیانەوە فێر بووم، کە پەروەردەیان کردووم، کە چێژیان داومێ.**

**بە نالی دەستم پێکرد، بێ گومان من ڕێم ناکەوێ قوتابیی نالی بم، هەروا خوێنەرێکی دەروێشی ئەوم، جارێ ئەو نامەیەی بۆ سالمی ناردووە، قوربانیی تۆزی ڕێگەتم، ئەگەر هێندەی هاملێتی شکسپیری لەسەر بنووسرێ، کە دوو ئەوەندەی کێوی تووری لەسەر نووسراوە، هێشتا کەمە.**

**شتێکی بچووکیشم دەبارەی مەحوی و دڵدار و بێکەس و گۆرانیش نووسی، هەر هێندەی شوانێک بۆ فەیلەسووفێکی پێدەکرێ، جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار بەگی جاف و تۆفیق وەهبییشم بەسەر کردنەوە.**

**بێ گومان من قەرزی ئەوانم پێ نادرێتەوە، وەک چۆن شەهیدێک ناتوانێ قەرەبووی فرمێسکەکانی دایکی بکاتەوە. من ئەو زنجیرە وتارەم لێ پچڕا و ئیشی دیکەیان بەسەردا هات، بەڵام بەڵێنم بە خۆم داوە، هەر هەلێکم دەست کەوێت بگەڕێمەوە**

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

سەریان.

- قەرزی هەژار موکریانی بە کەس نادرێتەوە و بۆ خۆشی ئەگەر گوێی لێ بێ هەر گاڵتەی بەو ڕمبازێنی زمانەی من دێت.

- من لە سەد لاوە قەرزداری هەژارم، کوردیش، جارێ زمانەکەی هەموو کورد بە لایەک و ئەو بە لایەک، ئەوەندەی سەد ڕۆژنامە و گۆوار کاریگەریی بەسەر زمانی کوردییەوە هەیە.

- دەمویست باسێکی کورتی ململانێکی شیعە و سوننە بکەم، لە چێشتی مجێوردا، ئەوە بۆ وتاری داهاتوو.

- پێکەوەژیانی ئایین و نەتەوەکان لە دیوەخانێکدا، ئەوە دەکرێ ببێتە ناونیشانی وتاری ئەم جارەم، ئەگەر دەسەڵاتی گەورەی ناوی هەژار لێ بگەڕێ.

- جێشتی مجێور بە ڕواڵەت ژیانی خۆیەتی، گێڕانەوەی وردەکاریی ڕۆژانی دەربەدەری و ڕەنج و ئازارەکانیەتی، بێ گومان بە ڕواڵەت، دەنا ئەو ڕووبەرەی دەیگرێتەوە زۆر فراوانە و لە خێزان و بنەماڵە و حزب و نەتەوەش دەترازێ.

– کورد قسەیەکی هەیە، مرۆڤ تەیری بێ پەڕوباڵە، یان ئینسان تەیری بێ باڵە، ئەوە ڕاست لە هەژار قەوماوە.

- ڕۆژێک لە تەکیە و حوجرەیە، ڕۆژێک لە دیوەخان و بەرمزگەوتە، ڕۆژێک لە دیوانی کۆماری کوردستانە، ڕۆژێک لە چیا و ڕۆژیک لە دارستانە، ڕۆژێک لە بەغدا و ڕۆژێک لە کەرکووکە، ڕۆژێک لە بوخارستان و دیمەشقە، ڕۆژێک لە جزیرە و ڕۆژێک لە قامیشلییە. هەموو بە هەژاری و دەردەداری و ئاوارەیی، جۆرێک لە حورمەت و سەربەزرییش.

- ئاوارەییەک، هەژارییەک، کە بووە خەزنە و گەوهەر بۆ نەتەوەکەی.

تەمەنێکە کورد باسی پێکەوەژیان دەکات، باسی یەکترقبووڵکردنی و تۆلەڕانس دەکات، بەڵام هەژار بێ ئەوەی وەک خۆی دەڵێت "مل لە فەلسەفەبافی نێ، چێشتی مجێور، ١٩٦" لەوپەڕی مانادا تۆلۆڕانس و یەکترقبووڵکردنی ڕاڤە کردووە:

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

(حاجۆ ئاغای بێ تەرەفیش گیراوە و لە زیندانی نوسەبین خزێنراوە. دادگای تورکان گوتوویانە:

+ تۆ یەزیدی و شەیتان دەپەرستی!

- نەخێر موسڵمانم و دنیا ئەوە دەزانێ.

+ دە ئەگەر یەزیدی نیت بلێ نەحلەت لە شەیتان.

- نایڵێم.

+ ئەوە دەرکەوت شەیتان دەپەرستی.

- من نوێژ دەکەم، ئەوی ئێوەش دەڵێن من لە هەموو نوێژێکدا دەیڵێم، بەڵام بۆ ئێوەی ناڵێم.

یەزدیەکانی خزمی لەبەری دەپاڕانەوە:

+ بلێ نەحلەت لە شەیتان! با تۆمان بمێنی.

- نا کوڕم! هەرگیز نامەوێ سەر بۆ زاڵم دانەوێنم، بۆ کەوچکە خوێنێک ناپاڕێمەوە.

لە زیندان چاوەنۆڕی ئیعدامە، شەو هەوێرکی یەزیدی و موسڵمان پەلاماری زیندان دەدەن و دەینێرنە سووریا بۆ بەر حوکمی فەڕانسە. چێشتی مجێور، لاپەڕە ٢٠٤).

پێکەوەژیان بە فەلسەفە و زۆرگوتنەوە دروست نابێ، بە ڕێز و حورمەتی نایلۆنەوە نایەتە بەرهەم، پێکەوەژیان بەرهەمی سروشتی ئینسانەکانە، ئەوەش لە قووڵایی کۆمەڵگەی کوردی چێنراوە، بەشێکی پەیوەندیی بە چەوسانە و هاوچەوساوانەوە هەیە، وەک گۆران دەڵێت: "لە یەک کاسەی تاڵی نۆشین برای کردینە هەنگوین"، بەشێکیش پەیوەندیی بە سروشتی خاکەوە هەیە و بەشێکی گەورەشی پەیوەندیی بە سروشتی کوردەوە هەیە.

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

- حاجۆ ئاغا موسڵمانێکی ساغە و نوێژ دەکات، هەرگیز ئەوە ڕێگەی ئەوەی لێ ناگرێ ئینساندۆست و بەوەفا نەبێ بۆ گەلەکەی، ئەوە لە سادەیی خۆیدا دەزانێ، نەتەوە هەموو ئایین و بیروباوەڕێک لە خۆیدا جێ دەکاتەوە، ئەو ئەتوارەش لە دڵی هەمواندا دەنێژێ.

ئەگەر حاجۆ ڕەمز و پاڵەوانی ئاییندۆستی بێ، ئەوە هەژار بە نووسینەوەی، نەمریی داوەتێ، لەو سەرەتایەوە، لەو کاتە تەنگەدا سەرنجی ئەو رووحیەتە بەرزەی کوردانی داوە و نووسیویەتیەوە:

(چەندم پێ جوان بوو، لە دیوەخانێکدا مەلا، کەشیش، فەقیری یەزیدی، دەگەڵ موسڵمان، مەسیحی، جوولەکە و یەزیدی دەبینران، کە هەموو وەک برا یەکتریان دەدواند و کەس دەربارەی دینەوە قەت شتێکی وای نەکرد و نەدەگوت، کە دڵی کەس بێشێنێ. قەت نەمدی موسڵمان تف ڕۆ کا، یان ناوی شەیتان بێنێ، نەوەک دڵی یەزیدی لێ بمێنێ. چێشتی مجێور، لاپەڕە ٢٠٤).

- من دەمویست هەموو وتارەکەم بۆ ئەو چەند دێڕە گەوهەرییەی هەژار تەرخان بکەم.

- ئەوەی هەژار پەسنی داوە، سەرنجی داوەتێ، تۆماری کردووە و نەمریی پێبەخشیوە، ئەو هەڵسوکەوتە سروشتییە جوانە بووە کە لە دیواخانەکەی حاجۆ لە تربەسپی پەیڕەو کراوە:

- مەلا، کە ڕەمزی باوەڕداری ئیسلامە.
- کەشیش، قەشە، کە دینداری مەسیحیانە.
- فەقیر، کە گرووپێکی دینپەروەری ئێزدییانە.
- سەرەڕای مەسیحی و ئێزدی و موسڵمان و جووی ئاسایی و هاووڵاتی.

ئەوانە هەموویان پێکەوە لە یەک ژوور دادەنیشن و بەدرێژایی تەمەن گفتوگۆ دەکەن، بێ ئەوەی بیر لە ئایین و تایبەتمەندیی ئایینی یەکتر بکەنەوە، لەو سادەییەی خۆیانەوە مافی بوونی بیروباوەڕی ئایین بە کارێکی کەسی و تایبەتمەندیی کەسەکان دەزانن و تێکەڵی نابن، نەک هەر ئەوە، لە دڵەوە ئاگایان لە هەستی یەکترە بریندار نەکەن.

- ئەوانەش هەموو سەردەمێک بووە، کە ئایین و بیروباوەڕ و عەقیدە لە خزمەت ئینساندا بوون، بۆ دروستکردنی ئارامیی دەروونی و ئارامیی کۆمەڵایەتی بەکار هاتوون، لە هەر شوێنێ ئینسان گرنگ بێت، ئایینەکان و بیروباوەڕەکان پێکەوە

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

هەڵدەکەن و بە ئاشتی دەژین.

– ئەوەش گرنگترین وانەی پێکەوە ژیانە، کە حەفتا ساڵ لەوەپێش، مامۆستا هەژار سەرنجی داوە.

– تەمەنی ئەو لێبووردەیی و پێکەوە ژیانەش ئەوەندەی تەمەنی نەتەوەکان و ڕەگی ئاو، قووڵە.

١ - ١١ - ٢٠٢١

## تۆ بڵێی خانی لە تەرجوومەکەم ڕازی بێ

### ٢

### کردنە کوردیی مەم و زین، یان وانەیەک بۆ وەرگێڕان

چەندان فیلم و زنجیرە تەلەڤزیۆنیم لەسەر ژیانی ناجێگیر دیوە، زۆرم لەسەر فەلسەفەی ناشوێن و ناجێگیری خوێندووەتەوە، بەڵام هیچیان ئەوەندەی ئەو گوازە گوازەی هەژار سەرەگێژەی ناجێگیری لا دروست نەکردم.

- لە سەرەتای لاپەڕەیەکدا لە سلێمانییە، لە کۆڵان و ماڵانە، دەچێتە بەغدا، لە ماڵی مام حوسێنە، جارێ جێی گەرم نەبووە، لای نەقیبە، گارسۆنە و لە قاوەخانە دەنوێ، ژوورێکی بەکرێ گرتووە، چووەتە هوتێلێک، جارێ لاپەڕەکە تەواو نەبووە، لە کەرکووکە و لەگەڵ شوکر مستەفا لە ژووری میوانخانەیەکی گڵدا هەموو لەشیان بەسەر ئارەقەدا گەڕاوە.

ئەو بابەتە بە ناوی سەرزەمینێک بۆ ناجێگیری، دەکەمە وتارێکی سەربەخۆ.

- لەو هەموو ناجێگیرییەدا، لەو هەموو گەڕان و نەسرەوتنەدا، لەو هەموو لەقەلەق و گوازە گوازەدا، ئەوەی جێگیرە خولیایە بۆ نووسین و ئەدەب. تۆزقاڵێک تووشی ڕووخان و پچڕان نابێ.

- دوای هەشت ساڵ و شتێک ژن و منداڵەکەی دێنە بەغدا:

(لە هاوینی ساڵی ١٣٢٥ هەتاویرا، کە دەبووە ساڵی ١٩٤٦- من ماڵ و منداڵی خۆم نەدیتبوو، خەبەریشم نەدەبیستن. مەعسوومی خێزانم، کە بەجێمهێشتبوو، تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، تەمەنی شێرکۆی کوڕیشم- کە کرابووە محەممەد- چوار مانگ بوو... لەپاش هەشت ساڵ و شتێک، بەسواریی ئەسپ و دەگەڵ مامە محەممەدی حاجیلاّی، گەیوەتە سولەیمانی و لەوێوە بە ترومبێل و قەتار گەیوەتە بەغدا. چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٩٥).

لە دیداری هەشت نۆ ساڵە، جارێ هەژار نا، منداڵەکانیش نا، خوێنەر چاوی گەرم نەکردووە، لەدوای چەند لاپەڕەیەک

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

لەناکاو ڕادەچڵەکێ و خۆ دیسان لێکدابڕانە.

- (لەپەنا دیوەخانی ماڵی حاجۆ وەتاخێکم بۆ تەرخان کرا. ساڵێک مامەوە، لە ماڵ و منداڵم هیچ خەبەرێک نەبوو، حاجی مەلا ساڵحێکیان ڕاسپارد، کە منداڵەکانم بۆ بێنێ. مەلا لە بەغدا دیبوونیەوە و هێنابوونیە مووسڵ و لەوێوە بە قاچاغ بۆ سووریە. چێشتی مجێور لاپەڕە ٢٠٢).

لە ١٩٤٦ بەجێی هێشتوون، ١٩٥٤ دوای هەشت ساڵ و شتێک هاتوونە بەغدا بۆ لای، ئێستاش کە هاتوونە سووریە ١٩٥٦ و هێشتا سەردەمی مەلیکە.

لەو ناجێگیر و شپرزەییەدا، هەژار بیر لە نووسین و ئەدەب و فێربوون دەکاتەوە. من جارێ باسی ناجێگیری ژیانی خۆی و منداڵەکانی لە ڕووی خەرجییەوە ناکەم، باسی ناوماڵ و کەلوپەلەکانیان ناکەم، کە تەنیا چاوخشاندن بە دەوروبەرتدا لە ماڵێکی ئاوادا بەسە بۆ ئەوەی سەد ساڵ بیر و عەقڵت بشێوێ، بەڵام هەژار لەو سەد جار ئاوارەییەی لە سووریە چی دەکات:

(کە چوومە جزیرە هیچ کرمانجیم نەدەزانی، بە عەرەبی قسەیان لەگەڵ دەکردم، دەفتەر و قەڵەمم وەکار خست، ڕۆژانە لای چەچائاغای حاجۆ- کە هیچ زمانێکی نەدەزانی کرمانجی نەبێ- دادەنیشتم، ئەو دەیگوت و من دەمنووسیەوە- لەم و لەویشم دەپرسی و خۆم فێرە کرمانجی کرد. چێشتی مجێور، لاپەڕە ٢١٠).

ئەوە کاری ئەو پیاوەیە، کە ژیانی بەسەر دەستی ڕەشەباوەیە، هەر ڕۆژە لە کونێک و گوزەرانی مردەنی، کەچی ئەو دەفتەر و قەڵەم پەیدا دەکات، بۆچی؟ ئەو جارێ هیچ نالێ، تەنیا عەقڵی باتنی زۆر شتی پێگوتووە. نووسەری ڕاستەقینە ئەوەیە، بەرنامەی ئەزەلیی هەیە، بەرنامەی هەمیشە مەودا. ژیانی ڕۆژانەی بەشێکە لە ڕۆتین، ژن، منداڵ، ماڵ، شوێن، مانەوە، هەموویان ڕۆتین و بەڕێکردنن، ڕاستە ئەو ئاسوودەیی ژیانە ڕۆتینەکەی قوربانیی کورد کردووە، تاکە یەک شت لە بەرنامەی هەمیشەیی هەژاردایە، ئەویش نووسینە، کتێبە، وشەیە، بۆ خۆشی تەنیا ئەو دیوەی ژیانی بە ڕاستەقینە زانیوە.

## فەزاری ژیان و مەم و زینی هەژار

بەشێک لە پڕۆژەی ئەدەبی و کولتووریی هەژار وەرگێڕانە، لەو دوورییەوە، مەبەستم دووریی تەمەن و زەمەنە، لەناو ئەو

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

تەنگژە گەورانەوە، بیر و هۆشی لای وەرگێڕانە (نان و گەنم و پێخۆر و ساوەر، مەعسووم قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە تەندوور نانی دەکرد. هەرگیز لەوێ برسی نەبووین، گەنم لە ماڵە حاجۆ بۆمان دەهات، ئەوان خۆیان بەبێ ئەوەی بە من بڵێن، بە زەکاتیان حیساب دەکرد. چێشتی مجیور، لاپەڕە ٢٠٣).

- ئەوە ژیانی تایبەت و خێزانی، دەبێ ژیان و فەزای بیرکردنەوەی گوندێکی ڕۆژئاوای کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا چۆن بووبێ؟ خزمەتگوزاریی گشتی لە چ ئاستێکدا بووبێ؟ چەند یارمەتیی داهێنان و نووسین و وەرگێڕانی داوە؟

- هەموو ئەوانە نەک ڕێگر نین لەبەردەم کار و داهێنانەکانی مامۆستا هەژار، بەڵکوو هاندەر و وزەبەخشیشن بۆی.

- هەموو ئەو پێشەکییە بۆ ئەوەیە پێتان بڵێم، مەم و زینی خانی چۆن کراوەتە کوردی؟ ئەوە چ پیاوێکە و لە چ بارێکدایە کە بیری لەو پرۆژە گرنگە کردووەتەوە، بێ ئەوەی دەزگایەک دەستی لەپشت بدات و ئاکادیمیایەک پشتگیریی بکات؟ پێش ئەوەی لەو وەرگێڕانە بدوێم، هەستی هەژراتان بەرامبەر خۆی و ئەو ژیانەی تێیدا بووە، بۆ دەنووسمەوە:

(ئەوی دەیزانم و بە ئەدیب و بە خوێندەوارم دەزانن، لەسایەی ماندووبوون و شەوبێداریی خۆمەوە دەستم کەوتوون. سەر لە هەوڵەوە زوو لە خوێندنەوە ماندوو دەبووم، بەڵام پیاو کە لەسەر شتێک سوور بێ، دەست هەڵنەگرێ، خووی پێدەگرێ، لێی دەبێتە سەیران و سیاحەت. چێشتی مجێور، هەژار، ٣).

**داخۆ وەرگێڕانی مەم و زینی خانی چ سەیران و سەیاحەتێک بووە؟**

٨ - ١١ - ٢٠٢١

## بۆ نەیکەمە سۆرانی؟

### ٣

### مەم و زین بە سۆرانی

مەم و زین چیرۆکی ئەویندارییی دڵتەزێنی کوڕێک بە ناوی مەم و کچێک بە ناوی زینە، کە (ئەحمەدی خانی)ی شاعیری گەورەی کورد لە ساڵی ١٦٩٢، لەسەر بنەمای چیرۆکێکی ڕاستیدا، بە شێوازی کرمانجی کردوویەتیی بە مەسنەوییەکی بەنرخ و درێژ. خانی ڕووداوەکانی ناو داستانەکەی سەرلەنوێ بە زیاتر لە (٢٥٥٠) دێڕ هۆنراوە داڕشتووەتەوە. مەم و زینی ئەحمەدی خانی، یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی وێژەی کلاسیکی زمانی کوردییە. یەکەمین جار ساڵی ١٩١٩ز لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە... سەرچاوە: ئینسایکۆپیدیای ئازاد.

### ناساندنی نووسەری مەم و زین

(ئەحمەدی خانی) شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرێکی گەورەی کورد بووە، کە لە ساڵی ١٦٥١ز لە ناوچەی چۆڵەمێرگی کوردستانی باکوور، تلە ورکیا لەدایک بووە. خانی، یەکێک بووە لە مەلا گەورەکانی سەردەمی خۆی و شارەزاییەکی باشی لە بوارەکانی فەلسەفە، شیعر، مێژوو، ئایین و زانستەکانی دیکەدا هەبووە. خانی جیا لە زمانی خۆی، کە کوردیی کرمانجی بووە، زمانی عەرەبی، تورکی، فارسییشی بەتەواوی زانیون و قسەی پێ کردوون.

خانی، خوڵقێنەری بەناوبانگترین شاکاری شیعر و ئەدەبی کوردییە، کە (مەم و زین)ە. ناوبانگی خانییش تا ئەمڕۆ هەر بە مەم و زینەکەی گرێ دراوە و ئەو جۆرەی کە باس کراوە دەڵێن، ساڵانێکی زۆری لە تەمەنی خۆی لەسەر کۆکردنەوەی و بەشعیر نووسینی ئەم شاکارە تەرخان کردووە و ساڵی ١٦٩٢ز تەواوی کردووە.

(ئەو کەسایەتییە بەرزە، ساڵی ١٧٠٧ز لە شاری بایەزید کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە و ئێستا گۆڕەکەی بووەتە زیارەتگە و خەڵک سەردانی دەکەن. محەمەد ئاتەشزای).

# هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

پێش ئەوەی دەست بە گرنگی و شێوازی وەرگێڕانەکەی هەژار بکەم، حەزم کرد ئەو زیانیارییانەتان بۆ بگوازمەوە، کە نووسەرەکەی بۆ کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی، ماندووبوونێکی زۆری کێشاوە. ئەوەی ماوە بیڵێم، (مەم و زین چیرۆکێکی دڵدارانەی ڕاستەقینەیە کە ٢٠٠ ساڵ پێش ئەحمەدی خانی لە ناوچەی جزیری بۆتان لە کوردستان ڕووی داوە و دەنگبێژان ئەو چیرۆکەیان لە قاڵبی ئاواز و حەیران گوتووە و سینە بە سینە پاراستوویانە، تا گەیشتووەتە سەردەمی خانی).

خانی، قۆناغێک لەپێش سەردەمەکەی خۆی بووە، یان لە سەردەمی خانیدا گرنگی و پێویستیی تۆمارکردن و نووسینەوەی دەقە کولتوورییەکان دەستی پێکردووە؟ مەبەستم ئەوەیە بپرسم، ئایا خانی بەنیازی کۆکردنەوەی کولتوور یان فۆلکلۆر ئەو کارەی کردووە، یان وەک داهێنانێکی ئەدەبی، جارێکی دیکە خولقاندوویەتییەوە؟

- ئەگەر کۆکردنەوەی چیرۆک و بەند باو بووە، بۆچی هەر خانی ئەو کارەی کردووە و دوای ئەو کەسانی دیکە بەرهەمی وەکوو ئەویان جێ نەهێشتووە؟

- دەشێ مەزندە بکەین، کە کەسانی دیکەش هەبوون، بەس زۆر کەم، یان نەگەیشتوونەتە دەست ئێمە و بەر ڕەشەبای ڕۆژگار کەوتوون.

- ئەوەی خانی کردوویەتی، تەنیا تۆمارکردنی بەرهەمێکی ناو سینگی خەڵک نییە، وەک ئەوەی ئۆسکارمان لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینیدا کردوویەتی، واتا ٢١٣ ساڵ دوای خانی. خانی لەسەر میراتی ئەدەبی زارەکی، لەسەر چیرۆکێکی گوازراوەی سینە بە سینە، شاکارێکی خوڵقاندەوە، کە سەرەڕای تێپەڕبوونی ٣٥٠ ساڵ بەسەریدا، هێشتا لەوپەڕی هێزی خۆیدایە.

## هەژار دەنووسێ:

(منیش وەک هەموو کوردێک، زۆر عاشقی مەم و زینی خانی بووم. لە ئێران دیبووم، هەر فارسییەکانیم دەزانی، کە عارەبی فێر بووم، کرمانجییەکەم نەدەزانی، بەڵام بە کرمانجی فێربوون ئەو گرێ کوێرەشم بۆ ڕەها بوو. مەلایانی جزیری - کە فارسییەکانیان نەدەزانی- زۆری تێدا کۆڵ بوون. چێشتی مجێور: لاپەڕە ٢١١).

**یەکەم کاری هەژار ئەوەیە، ئەو بەرهەمە وەک شاکار پەسند دەکات، ئەوەش پێی دەڵێن هەڵبژاردن، یەکەم خاڵی سەرکەوتنی وەرگێڕان لە هەڵبژاردنەکەیدایە.**

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

### هەژار لەوپەڕی ئاگاییدا، بۆ خۆی دەبێتە ڕەقیبی کارەکەی خۆی:

- لە لایەک توانای خۆی هەڵدەسەنگێنێ، یەکەم، کە عاشقی مەم و زینی خانییە. دووەم بە فارسی ناسیویەتی و خوێندوویەتییەوە، لە عارەبییش شارەزایە، هەم وشەی عەرەبی زۆر تێدان. سێیەم، کە کرمانجییەکەش فێر دەبێ، هەر سێ زمانەکە فارسی و کوردی و عەرەبی، کۆمەکێکی تەواوی دەکەن. لەوە تێدەگات، کە ئەو باشترین کەسە خۆی لە قەرەی ئەو کارە بدات. لەلایەکی دیکەوە، ئەو نرخی ئەو شاکارە لە ڕووی ئەدەبی و فەرهەنگییەوە بە باشی دەزانێ.

بۆیە گرنگترین پرسیار لە خۆی دەکات:

– بۆ نەیکەمە سۆرانی؟

ئەوە تەنیا پرسیارێکە، دەنا هەژار بڕیاری خۆی داوە.

(شانم لێداخست. شەوانە پاش منداڵ نووستن، چەند بەشێکی مەم و زینم بە پەخشانێکی سادە وەردەگێڕا. کتێبم وەلاوە دەنا، پەخشانەکەم بە شیعر دەهۆندەوە، تا قافییە و دەقی شیعران دووپات نەبنەوە. چێشتی مجێور).

ئەوە تەنیا وەرگێڕان و گواستنەوەی بابەتێک یان بەیتێک نییە، لە زمانێکە بۆ زمانێکی دیکە، یان لە شێوەزارێکەوە بۆ شێوەزارێکی دیکە، ئەوە پرۆسەی فێربوونیشە، وانەیەکی پراکتیکی تەرجومەکردنە، دەکرێ قوتابییانی بواری وەرگێڕانی ئەدەبی و فیکری بیخوێنن.

### هەنگاوە پراکتیکییەکان:

١- خوێندنەوەی بابەتەکە، بە زمانی ڕەسەنی خۆی.

٢- بەراوردکردن و تێگەیشتنی بەهۆی چەند زمان دیکەوە.

٣- گەڕانەوە بۆ لێکدانەوە و بۆچوونەکانی پێشتر.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوانە هەموویان قۆناغی یەکەمی تەرجومەکردنەکەن.

٤- وەرگێڕانی هەر بەشەی بەجیا، هەژار بەیتە شیعرییەکان بە پەخشان دەنووسێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ مانایەکی لەدەست نەچێ، یان لێ ون نەبێ. بەداخەوە ئەو دەفتەر و نووسینانەی هەژار نەماون، کە پێیان دەڵێن ڕەشنووس، یان دڕافت، تا کەڵکمان لە پەخشانەکانیشی وەرگرتبا.

٥- دوای ئەوەی دڵنیا دەبێت لە گواستنەوەی ماناکان و بەیتەکان، جا دەیانکاتە شیعر.

**ئەوەش وای کردووە هەر کەس مەم و زینە سۆرانییەکەی هەژار بخوێنێتەوە، چەند هەست بە ڕۆحی خانی دەکات لە چیرۆکەکەدا، لەناو دێڕ و وشەکاندا ئەوەندەش هەست بە هەژار دەکات.**

١٥ - ١١ - ٢٠٢١

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

## بڵێی خانی لە تەرجوومەکەم ڕازی بووبێ؟

### ٤

کورد هێندە نەگێل و گێژ و کاسن
داخم ئەوەیە بێکەس و کەساسن
ژیر و بە دڵن گەلێک دەزانن
بێ خێوییە، بێ سەر و زمانن

لە چ بارێکدا هەژار ئەو هەموو بەرنامەی داڕشتووە؟ لە چ فەزایەکی ئەکادیمیدا نەخشەی بۆ کارەکەی داناوە؟ کە مانا و واتا بە وردی دارێژێتەوە، بیانکاتەوە شیعر و هۆشی بە قافیەوە بێ، فەزای گوندەکە چۆن بووە؟

(... گوندەکە بەرقی هەبوو، کە ماڵە حاجۆ ماتۆڕەکەیان کڕیبوو. بەئاسایی سەعات یازدە پاش دیوەخان چۆڵبوون دەکوژاوە، دەبوایە لەبەر چرای نەوت بنووسم، بەڵام ئەگەر لاوان خەریکی ڕابواردن و ئارەق خواردنەوە بوونایە، نیعمەت بوو، بەرق تا درەنگانی شەو هەبوو. چێشتی مجێور، ٢١١).

لەو سادەییەدا فەزای گشتی لە بەرژەوەندیی مەم و زین و نووسینە، کارەبا ماوەیەکی باش لاپەڕەی بۆ رووناک دەکاتەوە، چراشی هەیە، هەتا سەرگەرمی گەنجەکانیش بۆ هەژاری ئیشکەر و وەرگێڕ نیعمەتە.

ئەوەی خراپە:

(... نەخۆش بووم، زۆر دەکۆخیم، شەوانە لە نووسیندا زۆرم سیغار دەکێشا، مەعسووم بە کزێکەوە دەپاڕاوە:

- ڕوحم بە خۆت بکە! هێندە مەکێشە!

ناچار زوو زوو قونکە سیغارەکانم دەشاردەوە، تا وابزانێ کەمم کێشاوە. چێشتی مجێور، لاپەڕە ٢١١).

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

- چی لەجێی خۆیدایە؟

گوندێکی دوورەدەست، ماڵێکی هەژارانە، بارێکی سیاسیی ناهەموار، خۆشاردنەوە و ترس، هەژاری نەخۆش و ئاوارەیی، هیچ شتێک لەجێی خۆیدا نییە، جگە لە هەستی ئەدەبی و ئیرادەی کارکردن و بەرهەمی مەزن. واتا جگە لە کتێب و داستانی گەورەی مەم و زین، جگە لە ئیرادەی هەژار، سووربوونی لەسەر داهێنان و کارکردن، هیچ شتێکی دیکە لە شوێنی خۆیدا نییە.

- ئیرادە دڵۆپەی ئاوە بەرد کون دەکات.

(.... دەپێشدا، پێشەکییەکانی - کە سۆفیایەتییە - لەبەر گرانیی بۆم نەکرا. کاتێ خەلاسم کرد، بامدایەوە سەر عیرفانە پێشەکییەکان. چێشتی مجێور، ٢١١).

ئەوە بەشێکە لە هونەری وەرگێڕان، وەرگێرە بەسەلیقەکان ئەوە باش دەزانن، کە سەرەتای هەموو کتێبێک قورسە تا بەتەواوی لەگەڵ دەستەواژە و فەزایەکەی ئاشنا دەبی، جا ئەگەر ئەو دەستپێکە عیرفانی و سۆفیایەتییش بێ.

ئەوانەی میزانیان لەدەست خۆیاندایە، بێ گومان میزانی عەقڵ، ئەوانەی بۆ خۆیان سەنتەری دنیان، هەموو شتێک دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، تەنانەت لە بارە سەختەکانیشدا.

**لەو فەزایەدا، لە دەروونی هەژارەوە، لەدەرەوە بڕوانە و بەرنامەی کار دانێ:**

(.... وەک لە چاپی مەم و زینەکەمدا نووسیومە، لە بیست و دووی بەفرانبارەوە تا بانەمەڕی ١٩٥٨ وەرمگێڕا، زستان کە شەوانە لە ماڵ دەمنووسی، لە بەهاردا ڕۆژانە دەچوومە باغی گوند، کە زۆر شوێنێکی وەک دەڵێن شاعیرانە بوو. سەعات دووی پاشنیوەڕۆ ڕەشنووسەکەم تەواو کرد. لەخۆشیان دەتگوت فڕیم، هاتمەوە ماڵ، هەر لە دەرکی حەسارەوە قیژاندم:

- تەواوم کرد.

ئای لەو خۆشییە! چێشتی مجێور).

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

ئەوەیە فەزای نووسین و فەزای گشتی، فەزای گشتی لە (ئێمەوە) تاریک و نائارام و وێرانەیە، فەزای نووسین، کە ئەو فەزایەیە نووسەر دروستی دەکات، ئاوەدان و بەرهەمهێن و شاعیرانەشە.

گڵۆپێکی کزی مولیدەکەی ماڵی حاجۆ، زیاتر لە هەموو کارەبای ئێستا لاپەڕەکەی هەژاری ڕووناکتر کردووەتەوە، بەشی زۆری ئەو هێزی ڕووناکییەش لە مێشکی هەژارەوە هاتووە، ئەوە هەژارە باغ دەکاتە شاعیرانە، ئەوە سەرەڕای نەخۆشی و کۆخە و سەرما.

من ئێستا گوێم لە دەنگی کەرخی هەژارە، لە دەرگای حەوشەی ئەدەبیاتەوە هاوار دەکات:

"تەواوم کرد."

ئەوەش بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە.

ئەو هەستە قووڵەی هەژارە وەرگێڕانەکەی نەمر کردووە، ڕاستە لە هەموو وشە و هەڵسوکەوتێکی ئەو هەستە ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە سەفەرێکی شێوە ئەفسانەییدا.

دیاریی خانی بۆ هەژار

محێدینی کوڕی یوسفی حاجۆ گوتی:

- سەیدا نایەی بچینە گەڕانێک؟ بەهارێکی زۆر خۆشە.

- بۆ کوێ؟

- دەچینە (عەین دیوەر).

- عەین دێوەر بەڕاستی شوێنێکی خۆشە. لەسەر چیایەکی نەرمی زۆر بەرزەوە دەڕوانێتە ڕووباری دەجلە و پڕ باغ و باغات.

شەو تا پاش نیوەڕۆی بەیانی لەوێ ماین. گوتیان با بچینە شاری جزیرە و بۆتان.

(شاری جزیرە و بۆتان، شاری مەم و زین).

ئەوەی سیحری وەرگێڕانی مەم و زین تەواو دەکات، ئەو سەردانەی هەژارە بۆ شاری جزیرە و بۆتان، ئەو لەبەر گڵۆپ و چرا و لەناو باخ و کەشی شاعیری، لە ناخی خانی و لە جزیرە و بۆتان ژیاوە، هەر لەگەڵ تەواوبوونیشی، بۆی هەڵدەکەوێت جزیرە ببینێ، بەڵام چۆن بینینێک:

(... ڕێگەی چوونە ناو شاریان نەداین، بەڵام هەموو ماڵی شار و دەوروبەری، وەک هێلکە لێمانەوە دیار بوو، کوردێکی تەمەن چل- چل و پێنج ساڵی هاتە لامان، خەڵکی شار و زۆر شارەزا بوو، بە ئیشارەتەوە بۆی گوتین:

- ئەوە کۆشکی بەڵەکە، کە ماڵی میرانی جزیری بووە و ئێستاش سەربازخانەی تورکانە، ئەو کانی و ئاوە لە قەدی گردی پشت ماڵانە، کانی "قەستەڵێ" یە، کە جێ ژوانی مەم و زینان بووە. بەهۆوە دەڵێن "نێزگزان"، ئەو دەشتۆکە "وەستان". هۆو نێوان گردانەش کە دیجلەی بە ناودا تێدەپەڕێ "دەروازە" و ئەو ئاقارە "هۆمەران" و ئەولاتر مەیدانی ناوە..... چێشتی مجێور، ۲۱۱).

ئەو فەزا درامییە هەژار لە چێشتی مجێوردا بۆ مەم و زینی دروست کردووە، ڕووناکیی خستووەتە سەر و چاوی هەموومانی بۆ وێ سووڕاندووە، سەرەتا بۆ سەر داستانەکە، بۆ ناو لاپەڕەکانی، دواتر وەک خلوودی وەرگێڕانەکە و داستانەکەشت بگەیەنێتە لوتکە، دەچێتە دیار شارەکەیان و شوێنی ژیان و ژوانیانمان بۆ وێنا دەکات.

ئەوەی کە دڵ کون دەکات و بە مۆخەوە دەنووسێ، هەستی خۆیەتی لەدوای وەرگێڕانەکەی و دوای دیتنی یادگارییەکانیان، وەک سۆفییەکی موقەدەس دەگاتە حاڵەتێکی عیرفانیی بەرز و دەنووسێت:

(.... لەپڕ دڵم گەرم داهات، ڕامکرد و دوور کەوتمەوە. چوومە ناو کۆنە قەبرستانێکەوە، سەرم بە کێلەکەوە ناو گریام، ئەمما گریان.. سەرم بە هەنسکانەوە هەڵدەگیرا. لام وایە پتر لە دە دەقیقە کوڵی گریانم لە جۆش نەدەکەوت، هێدی هێدی ئارام بوومەوە و چاوم سڕی. ڕوانیم هاوڕێکانم لێم دوور وەستاون و لە کاتی گریاندا نەهاتوون سەبەبم لێ بپرسن.

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

**لەو دەمەدا کە پیاوە جزیرییەکە ناوی شوێنەکانی دەگوت، کەوتە دڵمەوە:**

**من دوێنێ لە تەرجوومەی مەم و زین بوومەوە. تۆ بڵێی خانی لە تەرجوومەکەم ڕازی بووبێ و لە پاداشتا ئەو سەفەرەی بۆ ڕێک دابم؟ کە شارە خۆشەویستەکەی، لانکی دڵداریی مەم و زینانم نیشان دا؟ ڕەنگە وابێ، ئیتر گریان ملی گرتم و ئارام و ئۆقرەی پێ نەهێشتم. واتا وەک دەروێش جەزمە گرتمی. چێشتی مجێور. لاپەڕە ٢١٢).**

**٢٣ - ١١ - ٢٠٢١**

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

## جاسم ئاوی ماڵی سوننیی خواردووەتەوە

۵

**گەورەترین گۆڕان گۆڕانە لە مێشکی مرۆڤەکاندا، هیچ گۆڕانێکیش بەبێ گۆڕانی بیرکردنەوە و عەقڵ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان نابێت. گۆڕانی بیرکردنەوە و بیروباوەڕ مەترسیدارترین گۆڕانیشن.**

- گۆڕانی جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و خانوو، ئاسان و ئاساییں و ژیان هێشتا لەجێی خۆیدایە، بەڵام گۆڕانی گەورە گۆڕانی عەقڵە.

- ئایینەکان گۆڕانی گەورەیان لە بیرکردنەوەی مرۆدا دروست کردووە، ئەوەش لە ژیان و پەیوەندیی کۆمەڵاتی و دەسەڵاتی سیاسیشدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە، هەموو ئایینێکی تازە لەلایەن ئایینە کۆنەکانەوە ڕەت کراوەتەوە، ئایینە تازەکانیش سەرکەوتوون و هەوڵی سڕینەوەی ئایینە کۆنەکانیان داوە.

- لە کۆتایدا ئایینە بەهێزەکان مانەوە.

دەستکاریکردنی بیرکردنەوەی خەڵک وەک بەشێک لە دینامکیەتی پێشکەوتن و ململانێ هەر بەردەوام بوو.

- دووبارە دەڵێم، دەسکاریکردنی بیرکردنەوەی خەڵک، کە مەسیدارترین کایەیە ئینسانەکان دەستی بۆ دەبەن، هەر بەردەوام بووە.

### دەرکەوتنی مەزهەبەکان

- دەرکەوتنی مەزهەبەکان بەشێکی گرنگی ئەو دەسکاریکردنی بیرکردنەوەیە. ئایینەکان مانەوە، بوونە بەشێک لە باوەڕ و کولتوور و پەیام و ڕەوشتی کۆمەڵگە، بەڵام وەک یەکەیەکی یەکپارچە بەرگەی گۆڕانەکانی ڕۆژگاریان نەگرت و درزیان تێ

بوو.

- ئەو درز تێبوونانەش لە شێوەی مەزهەب دەرکەوتن.

## شیعە و سوننە

من نامەوێ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر دەرکەوتن و ململانێی ئەو دوو مەزهەبە بکەم، ئەوەی دەمەوێ بینووسم:

- **یەکەم** شوێنی ئەو ململانێیە لە چێشتی مجێوری هەژاردا.

- **دووەم** ڕەنگدانەوەی ئەو دوو مەزهەبە لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا.

- ئەو بابەتە ناچێتە ناو قووڵایی مێژووەوە، دەشێ بەشێک بێت لە مێژووی عێراق و ناوچەکە، چونکە ئەو زەمەنەی مام هەژار باسی دەکات، نزیکەی سی ساڵێکە لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق وەک کیانێکی ئیداریی سەربەخۆیە. مێژووی ململانێکە زۆر لە عێراق کۆنترە.

- ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەو ململانێیە دروستکراوی هێزە دەرەکییەکان و داگیرکەران و وڵاتان نییە، بەڵکوو ڕەگی لەناو قووڵایی کۆمەڵگەدا هەیە. دواتر ئەو جیاوازییە لەلایەن هێز و ناوەندی جیاوازەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی بەکار هێنراوە.

- ئەوەش خاڵێکی لاوازی کۆمەڵگە بووە و بووەتە هۆی یەکنەگرتنی ئەو وڵاتە، هیچ سەرداوێکیش نییە کە ئومێدێکی بۆ داهاتوو لەسەر دروست بکەین.

## ڕەنگدانەوەی ئەو ململانێیە لە چێشتی مجێوردا

(... جاسم ناوی کوڕێکی عەرەبی چۆڵی عێراق، هات، کەس لە لەهجەی نەدەگەیی، ببوومە تەرجمانی ئەویش.

جاسم نەقلێکی خۆی بۆ گێڕامەوە، کە جارێک ئەوەندەی تینوو بووە، ناچار ئاوی ماڵی سوننی خواردووەتەوە و نەیهێشتووە دایک و بابی بزانن!).

## دەستەواژە و مەزهەبگەرا

ئەگەر جاسم وەک نوێنەری شیعە لە بەحنەس، ئەو شارەی لوبنان، کە هەژار بۆ چارەی دەردی سیلەکەی، لە ناوەندی سەدەی ڕابردوو بۆی چووە وەرگرین، ئەوا ڕەنگدانەوەی ڕای گشتیی باوەڕداری شیعەیە بەرامبەر بە سوننە.

ئەو درزە گەورەیە لە سەردەمێکی زۆر زووەوە کەوتووەتە جەستەی ئیسلامەوە و لەو کاتەشەوە جگە لە خوێ پێوەکردنی، هیچ چارەسەرێکی دیکەی بۆ نەکراوە. هەموو گرووپە ئیسلامییەکان، یان ڕابەرە فکرییە ئیسلامییەکان لە هەموو مەزهەبەکاندا، نەیانتوانیوە ئەو ئاستەنگە قورسە تێپەڕێنن، نەک تێپەڕێنن، بەڵکوو هەر بیریش لە چارەسەرکردنی بکەنەوە.

- جاسم ئاوی ماڵی سوننیی خواردووەتەوە.

ئایا ئاوی ماڵی سوننی ئاوێکی تایبەتە؟ هەر لەو سەرچاوانەوە نییە کە خەڵکی بەگشتی دەستیان دەکەوێت؟ گومانکردن لە ئاو، گومانکردنە لە هەموو شتێ، چونکە ئاو تاکە خواردنەوەیە کە بەبێ هیچ دەسکارییەک بەکار دێت و دەخورێتەوە. ڕاستە جاسم هەم نەخوێندەوار و هەم زانای کۆمەڵناسی و دەروونناسی نییە، بەڵام کولتوورەکەی وای ڕاهێناوە، کە تیرەکانی دڵی مەزهەبە ڕکەبەرەکەی دەپێکێ.

گومانکردن لە ئاو گومانکردنە لە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەک، گومانکردنە لە هەموو جۆرە پەیوەندی و دۆستایەتییەک. ئەوەش هەڵوێستی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی شیعەیە بەرامبەر سوننە، نەک قسەی نەرم و لاستیکی و دیپلۆماسیی چەند ڕابەرێکی ئایین و چەند سیاسییەک.

- نەیهێشتووە باب و دایکی بزانن.

کوڕ کام خەتا و تاوان بکات لە باب و دایکی دەشارێتەوە؟ بێ گومان خەتای هەرە گەورە، خەتایەک، کە هەرگیز مایەی

لیخۆشبوون نییە.

بۆچوونی جاسم بەرامبەر سوننە، ڕایەکی ڕاگوزاری نییە، بە جۆرێک لە ناخیدا ڕەگی داکوتاوە، کە نەک بووەتە بەشێک لە سلووکی، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە جەستەی و تێکەڵی پێکهاتەی ئەندامەکانی بووە.

(... ئەگەر جاسم جنێوی بە کەسێک دابا دەیگوت:

- ئێسکی سوننی بە قەبری بابی.

ڕۆژێک گوتیان جاسم حاڵی شڕە، چوومە لای:

- ها خێرە؟

- سەید عەزیز (هەژار لەوێ بەو ناوە خۆی ناساندووە) ئەو سوننی کوڕی سوننییە بەیانی زوو دیتم، وام بەسەر هات!

- سەگباب چەندم پێگوتووی بەیانییان سوننی نەتبینن.

- حەقتە، بەڵام چی بکەم؟

ئەو سوننییە سەیدێکی سامەڕائی بوو، بە ناوی سەید عەلی. بۆم گێڕاوە، زۆر پێکەنی، گوتی:

- شەرتبێ هەموو ڕۆژێ تولحی بەیانی خۆمی نیشاندەم. چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٤٧).

**لێکۆڵینەوەی زانستیی لەسەر ئەو ڕەگە کولتوورییانە دەکرێ، ئەو چیرۆکە بچووکانەی ناوەوەی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکەن. سەرەڕای ئەو ژیانە سەختەش، هەژار پرژاوەتە سەر ئەوەی، بەشێکمان لەو هەستە شاراوانە بۆ بگوازێتەوە. منیش هەوڵ دەدەم چەند دانەیەکیان بە وردی بخوێنمەوە.**

٢٨ - ١١ - ٢٠٢١

## ئەوەی جنێوەکە بدات سواری گاریەکەمی دەکەم

### ٦

برینی قووڵی کورد کێشە نەتەوەیەکانیەتی و هەر لەو پێناوشدا هەژار ئەو هەموو عەزابەی کێشاوە. لەو سەردەمدا، ژیانی هەژار بۆ سەعاتێک هێمنیی نەدیوە، لە هەفتەیەکدا چەند جار شوێنی مانەوەی گواستووەتەوە، لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ، لە رۆژێکدا رووی داوە دوو جار کارەکەی گۆڕیوە، چەند جاری دیکە خۆی لە پۆلیس شاردووەتەوە. هیچ شتێک لە ژیانی هەژاردا جێگیر نەبووە، جگە لە بیرکردنەوە لەوەی کە بنووسێ و بەرهەمی هەبێت و نەکەوێتە ناو تەڵەوە.

- ئەوەی هەژاری ئاوارە کردووە، موسڵمانییەتەکەی نەبووە، بەڵکوو کوردبوونەکەیەتی.

- ڕاستە لە وێنەیەکی گەورەتردا، کورد بەوە سزا دراوە کە دەبێ ببێتە پارسەنگی سوننەی عەرەب، بۆ ئەوەی ڕێژەی سوننە بەرامبەر بە شیعە زیاد بکات، هەرچەند ئەو دابەشکردن و خستنە سەر عێراقەی هەرگیز بۆ چارەنووسی کورد سوودی نەبوو، بەڵکوو تووشی گەورەترین نەهامەتی و تراژیدیای کرد.

- سەرەڕای حوکمی مێژوو و ژیانی قورسی تایبەتی خۆی، هەژار هەر دەردێکی دیکەی دیوە، فەرامۆشی نەکردووە و لەو نیگایەوە وەک کۆمەڵناسێک سەرنجی دەدات، گێڕاویەتیەوە.

(....چیرۆکی وەستاکەشم تۆزێک سەیرە: پیاوێک لە تیلەکۆ کوژراوە، دوو کوڕی نۆ ساڵەی لەپاش بەجێ ماوە، بە ناوی حەمە و گەردانی. دایکیان مێردی کردووەتەوە و بەرەڵدا کراون، کەڵاشکەرێک وەخۆی گرتوون، وە دێهاتی خستوون کۆنە پەڕۆ کۆ کەنەوە. لەو کارە وەڕز بوون، هەڵاتوون، یەکێکی تر کردوونی بە دوا شوان، ئەو جار کەوتوونە لای خانەقین و میوەیان پێ چنیوەتەوە.

- با بچینە بەغدا، کار زۆرە.

بە پێ کەوتوونە ڕێ، لە هێز کەوتوون. تووشی عەجەمی گاریە سوار بوون، کە دەچنە زیارەتی کەربەلا.

- مامە سوارمان کە.

- کێ جنێو بە عومەر بدا سوار بێ.

**حەمە دەڵێ:**

- سا وەڵا بشمرم جنێو بە ئیمامی عومەر نادەم!

**گەردالی دەڵێ:**

- (...........) ئەگەر پیاگ با کەرێکی بۆ ئەناردم سواری بم.

گەردالی سوار و حەمەی کاکی بە پیا دەگەنە بەغدا، هەر یەک لە گەڕەکێک دەبنە ئاوکێشی ماڵان. چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٥٥).

**تێکشکانی خێزان**

- دوو مێرمنداڵ.

- بابیان دەمرێ.

- دایکیان شوو دەکاتەوە و جێشیان دەهێڵێ.

**زوڵمی کومەڵگە**

- کەڵشکەرێک وەدیهاتی خستوون کۆنە پەڕۆ کۆکەنەوە.

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

- یەکێکی دیکە کردوونی بە دوا شوان.

- کەوتوونە لای خانەقین

ئەوە فڕێدانە، فڕێدانی ئینسانەکانە بۆ بەر تووڕەیی ڕەشەبای کۆمەڵگە، ئەوە سەردەمی مەلیکە، کە تا ئێستا باسی دادپەروەریی ئەو سەردەمە دەکرێ، بەڵام چ دادپەروەرییەک! کۆمەڵگە ئەو مەکینەیە، کە ئینسانەکان دەخرێنە ناوی، تا دواجار شتێک فڕێ داتە دەرێ، بریندار، ملکەچ، بێ ئیرادە، پڕ گرێی دەروونی.

- بابەتی ئێمە ڕەنگدانەوەی کێشەی مەزهەبی، یان شیعە و سوننەیە، لە کولتووری کۆمەڵایەتی، یان فەرهەنگی گشتیدا.

**قوربانییەکانی مەزهەب**

- ئەو دوو منداڵەی کۆمەڵگە فڕێی داون و غەدری لێ کردوون، سیستەمێکی کۆمەڵایەتی خستوونیەوە، هێناونیە وجوود، بەبێ ئەوەی هەتا وەک ئاژەڵێکیش ئەرکی بەخێوکردنیان بگرێتە ئەستۆ، چونکە ئاژەڵ و باڵندە هەرگیز بەچکەکانیان فڕێ نادەن، ئەرکی بەخێوکردن و پاراستنیان لەوپەڕی ئەخلاقدا دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

- کۆمەڵگەیەکی ترسناک و بێ سۆز و بەرپرسیایەتییە، هەست بەو ئەرکە ناکات، کە بەرامبەر ئەندامە ناکامڵەکان کەوتووەتە سەر شانی.

- جگە لە هەموو ئەو شتانە، دەیخاتە بەردەم تاقیکردنەوەی قورسەوە، دەیخاتە بەردەم هەڵبژاردنی ژیان و مەرگەوە.

- ژیانت لە ئایکۆنێکدا کورت دەکاتەوە، ئایکۆنێکی مەزهەبیی موقەدەس، بە جۆرێک هەموو دنیای ڕووحیت داگیر دەکات، دواتر لە گەمەیەکدا، گەمەیەک کە ماندووبوون و ژیانتی لەسەرە، داوات لێ دەکات دژی موقەدەسەکانی خۆت ببیتەوە.

- ئەوەش جگە لە شکاندنی کەرامەت و بێبەهاکردنی هەموو سەربەرزییەکانی ناخ و سووککردنی کەسایەتی، هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

**دژایەتیی مەزهەبی، هەژارەکان باجەکەی دەدەن و گەورە و شێخ و سەیدەکان بەرهەمەکەی دەخۆن.**

# هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

- دوو کوردی نقوومبوو لە کولتووری سوننە و ژیانی کوردەواری، دوو مێرمندالْ، هەتا لە باری تێگەیشتن و باوەڕیشەوە کامڵ نین، ئەوەی بەرگرییشی لێ دەکەن، هەست و نەستیانە.

- داواکە تەواو پێچەوانەی لۆژیکە، داوا لە کەسێک بکەی دژی هەستەکانی خۆی بێت و بۆ ئەوەش پاداشت و سزات دانابێ.

- بیروباوەڕی مەزهەبی لەسەر هەڵوێست و ڕاڤەی ئێمە ڕاناوەستێ و تا ئەو مەودایە بۆی بکرێ ئینسان و نێچیرەکانی بەکار دێنێ. بە جۆرێک بەکاریان دێنێ، کە هیچ بەهایەک بۆ کەسایەتییان ناهێڵێتەوە و وەک ڕۆبۆتێک بەکاریان دەهێنێ.

**چیرۆکەکەی هەژار:**

- شێوەی گێڕانەوە و کۆتاییە هاوسەنگ و سەرسامکەرەکەی، پرسیارێکی گەورەیە، هەم لە تەسلیمبوونێکی گاڵتەجاڕانە و هەم لە بەرگریکردنێکی تراژیدیانە.

- حەمە دەڵێ ساوەڵا بشمرم جنێو بە ئیمامی عومەر نادەم.

ئەوە بەرگرییەکە، کە دواتر دەبێ باجێکی تراژیدی بدات. بە پێ و بەشەکەتی بەناو گەرمادا بڕوات بۆ بەغدا.

- گەردالْی جنێوێکی قورس دەدات و ڕەخنەیەکی قورس دەگرێت، جنێو و ڕەخنەکەش بە شێوەی کۆمیدی.

**کۆتایی ئینسانەکانیش هەر وایە، لەنێوان کۆمیدی و تراژیدیدا تەمەنیان کۆتایی دێت. بەبێ ئەوەی بەهای هەڵویستی خۆیان بزانن، یان لەوە تێبگەن، کە ئەوەی تەمەنیانی بۆ خەرج دەکەن، هیچ نرخێکی بۆ ڕۆژەکانی ژیانی ئەو دانەناوە.**

١٥ - ١٢ - ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## تا نەیزانی مەسیحیم دەستی لێ بەرنەدام

### ٧

**کێشەی شیعە و سونە ڕەگی قووڵە، پەیوەندیی بە جۆری دەسەڵات و میراتگران و ململانێ مێژووییەکانیانەوە هەیە، کە هەمووشیان ڕەگی ئابووریيان تێدایە.**

لەم سەردەمی ئەمڕۆماندا، کێشەکە تەواو سیاسییە و ئاسۆی هیچ ڕێکەوتن و یەکترقبووڵکردنێک لەئارادا نییە. لە کاتێکیشدا بێ دەنگ، یان تۆزێک کپ دەبێ، کە لایەنێکیان بەتەواوی بەسەر لایەنەکەی دیکەدا زاڵ بووبێت و هەست و هەناسەی نەک بەرگری، بەڵکوو ڕەخنەگرتنیشی لێ بڕیبێ، لە مێژووی نزیکدا نموونەمان هەیە.

**هەژار نموونەی باڵا**

**– بۆچی هەژار لەو بوارەدا نموونەی باڵایە؟**

ئەو کێشە هەزار ڕەگانە هەر لە خۆیاندا بۆ هەردوو لا بریندارکەرن، کەم کەس و لایەن و گرووپ دەتوانن لەو نێوانەدا داوەری بکەن، ئەوەش لەبەرئەوە، جگە لەوەی کە لایەنەکان باوەڕی تەواویان بە ڕاستیی بیروباوەڕی مەزهەبی خۆیان هەیە، پێیان وایە حەقیقەتی موتڵەق لای ئەوانە، جگە لەوە، باوەڕیان بەوە نییە دادوەرێکی بێلایەن لەو نێوانەدا هەبێ.

- هەژار لەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە، بەبێ ئەوەی بیەوێ لەو نێوانەدا داوەری بکات، وێنەکە وەک خۆی دەگوازێتەوە، یان پەردە لەسەر برینەکە لادەدات، ئەو تەنیا توانای هونەریی خۆی بۆ ئەوە بەکار هێناوە، کە پێمان بڵێ، کارەساتەکە چەند خۆڕسک و مەترسیدارە.

**(.... جارێک حەننا بۆ پازدە ڕۆژ مەرەخەسیی وەرگرت کە سەیرانێک لە عێراق بکات. هاتەوە گوتی:**

- برا هەر خوا دامییەوە، لە بەسراوە دە بەلەمێکدا دەگەڵ شازدە کەس دەچووینە دیتنی ئابادان، لەتەنیشت قەسابێکی

# هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

بەسرایی دانیشتبووم، لێی پرسیم " کوێندەری؟" وتم "خەڵکی شامم."

یەخەی گرتم، ڕاپەڕاندام، چەقۆی دەرهێنا زگم بدڕێ، وا حەپەسام هاواریشم بۆ نەکرا. خەڵکەکە دەستیان گرت.

- چیت بەسەرەوەیە؟ چی کردووە؟

- چۆن چی کردووە؟ شامییە و ئیمام حوسێنی کوشتووە!

تا دەرنەکەوت، کە من مەسیحیم دەستی لێ بەرنەدام! چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٦٤).

هەژار لەبەرئەوەی لە ئەبەدییەت و مەترسیداریی کێشەکەی گەیشتووە، دەیەوێ خوێنەر ڕاگوزاری بەسەر بابەتەکەدا تێپەڕێ و ئاوڕی لێ نەداتەوە، بۆ خۆشی وەک برووسکە لەنێوان بابەتە سەرەکییەکاندا جێگایان بۆ دەکاتەوە، بەڵام گەورەیی کێشە ڕێگا نادات هەروا بە ئاسانی لەبیر چێتەوە، چونکە هەر شامییەک، یان سوننییەکی باوەڕدار بیخوێنێتەوە، هەست بە تیژیی چەقۆی قەسابە شیعەکە دەکات، زگ هەڵدڕین و حەپەسانەش دەگوازرێتەوە ناو هەست و ناخی.

- پیاوێکی مەسیحی دەیەوێ گەشت بکات و وڵات ببینێ، تەنیا ئەوەندەی، کە دەچێتە ناوچەیەکی دیکە و تا ڕادەیەک بە کولتووری ئەو شوێنە نامۆیە، بەوپەڕی ڕاشکاوی ناوی ئەو شوێنەی پێ دەڵێ، کە لێیەوە هاتووە.

- کابرای بەسراوی، کە شار و ناوچەکەی بە تەنیا بە هی خۆی و مەزهەبەکەی دەزانێ و لە تێگەیشتنی گشتیی خۆیدا بۆ خۆی و هاوباوەڕەکانی قۆرخ و ساغ کردووەتەوە، ناکرێ کەسێکی دیکە، بەتایبەتی سەر بە ناوچەیەکی دیاریکراو، ڕووی تێبکات.

- سەرەڕای ئەوەش، ناوچەکانی بەسەر مەزهەبەکاندا دابەش کردووە، لە خەیاڵی ئەودا (شام) بەر سوننە کەوتووە، ئەوەی لەوێ دەژی، لە بکوژانی حوسەینن.

- دانیشتوانی شام دەبێ سزای خۆیان وەرگرن و تا دەبڕێنەوە بکوژرێن.

- نەک هەر ئەوە، لە جوگرافیای ژێر دەسەڵاتیاندا، هیچ بوونێکی دیکە نییە. حەننا، کە هاواری نەکردبا مەسیحییە و موسڵمانی سوننە نییە، دەشێ سەر بڕابا، یان زگیان هەڵدڕیبا. کەواتە مافی هەموو ئایینەکانی دیکەشیان زەوت کردووە، دەبێ هاوارکەی (مەسیحی)م، تا لە پەراوێزدا جێگات دەبێتەوە.

## گوتنی سادە و تێگەیشتنی گەورە

**هەژار بەو چیرۆکە سادەیە، پلانێکی گەورەی مەزهەبەکانی ئاشکرا کردووە، ئەویش قۆرغکردنە، قۆرغکردنی جوگرافیا و دانیشتووانەکەی.**

- ئەو حیکایەتە هی ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووە، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە حەفتا ساڵ بەسەریدا، ناوچەکان بەتەواوەتی لە (غەیرە) مەزهەبەکان پاک دەکرێنەوە، بەغدا دەبێتە دیارترین مەیدانی ئەو شەڕی پاکتاوکردنی یەکترە.

- ئەو قەسابەی هەژار باسی دەکات، چەقۆ نا، ئەمڕۆ دۆشکە و تۆپ و فڕۆکەی درۆنی بەدەستەوەیە و بەڕاستی دەیەوێ هەموو شوێنێک لە غەیرە مەزهەبەکانی پاک بکاتەوە.

## گێڕانەوەی بابەت یان چیرۆکسازی

- هەژار هیچ وشەیەک بە یەک مەبەست نانووسێ، ڕاستە چێشتی مجێور بیۆگرافیای خۆیەتی، جگە لەوە:

- دەقێکی ئەدەبیی باڵایە.

- ئەلبوومێکی پڕ وێنەی سەردەمەکەی خۆیەتی، هەموو ئەو شتانەی باس کردووە، کە مێژوو نەیتوانیوە تۆماری بکات، ئەدەبیاتیش نەپڕژاوەتە سەری.

- ڕاستە بەنیازی نووسینەوەی ئەو شەست و پێنج ساڵەی تەمەنەی دەستی داوەتە قەڵەم، لە ڕاستیدا ژیانی هەموو ئەوانەی نووسیوەتەوە، کە ناسیونی، زەبیحی لە چێشتی مجێوردا زیندووە، دەجووڵێ، قسە دەکات، قانع، مەلا شکور، شێخ مارف بەرزنجی، قاسملوو، غەنی بلووریان و دەیان کەسایەتیی دیکە، کە نەپڕژاونە سەر ئەوەی ژیانی خۆیان بنووسنەوە، ئەو بەشێکی باشی ژیانیانی نووسیوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

**- ئەگەر بۆم بکرێت، بەنیازم بابەتێک بەناونیشانی (زەبیحی لە چێشتی مجێوردا)، یان زەبیحی لە بیرەوەریی هەژاردا بنووسم.**

**- بابەتێکی دیکەی فرە گرنگ، کە هەژار بە مەبەست یان بێ مەبەست وەک گەوهەر نەخشاندوویەتی، هەمەڕەنگیی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەیە. ئەوەندە هاوڕێی ئەرمەنی و جووەکان هاوکارییان کردووە و تێکەڵیان بووە، نیو ئەوەندە تێکەڵ خەڵکانی دیکە نەبووە، کە ئەوەش تەواو پێچەوانەی قبووڵ نەکردنی مەزهەبییەوە بووە، ئەوەش دەبێتە بابەتی بەشەکانی داهاتوو.**

**– ئەوەی ناکرێ لەبیری بکەم، چیرۆک و پێوەندیی شیعە و سوننەیە، کە دەبێتە بابەتی نووسینی سەربەخۆ، واتا هەژار چۆن چیرۆکی کردووەتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی مەترسیی ئەو ڕقەی لە ناوخۆی خەڵکی ئەو وڵاتە خۆی حەشار داوە. دەتوانین ناویان بنێین چیرۆکە مەزهەبییەکانی هەژار.**

**٢١ - ١٢ - ٢٠٢١**

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

## مجێور هات بەردە مۆرەکەی فڕێ دا و دەریکردم

**٨**

ڕاستە هەژار لە چێشتی مجێوردا ژیانی خۆی بۆ کوڕەکەی دەگێڕێتەوە، بەڵام دەنگی زیاتر دەڕوات و هەر خوێنەرێک دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. ئەوەش لەبەر ئەوە نییە، کە ژیانی کەسێک ئەوەندە گرنگ بێت، نەخێر، کەسەکە هەر چەند گرنگ بێت، چۆنیەتیی گێڕانەوەکە گرنگترە. ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، زمان و چۆنیەتیی گێڕانەوە و بابەتەکانیەتی.

- هەژار دەزانێ چ بابەتێک هەڵدەبژێرێ، هەم بۆ ژیانی خۆی کاریگەر، هەم وەک چیرۆک بەچێژ، هەم وەک بابەت گەرم. برینەکان دەگێڕێتەوە، برینێک کە پێویستە چارەسەر بکرێ، برینێک، کە بۆگەنی کردووە. دەشێ هەژار لە کەسە یەکەمەکان بێت، کە مەترسیی پێکەوەژیانی نێوان مەزهەبانی وا قووڵ هەست پێکردووە.

سەرنج بدەن! باسی کراسە کۆنێکی خۆی و قزڵجیی گەیاندووەتە کوێ! بەرگدرووێکی عەگال بەسەری چۆن کردووەتە یارمەتیدەری خۆیان و سووژەی چیرۆکێکی پڕ هەستی مرۆڤایەتی و ڕقلێبوونەوەش.

- کارێکتەرێکی لێقەوماو.

- شیعە و نەجەفی.
- مجێور و دۆستانی توندڕەو.
- مەلایەکی تێگەیشتوو و چاکساز.

هەموو ئەوانەش ناو دەنێین، ژیاننامە لەنێوان چیرۆک و عیبرەتدا.

(.... قزڵجی و من دوو کراسمان دەبەردا بوو، کە هەردووکیان لەپشتەوە یەخەیان زۆر شڕ ببوو. نەشمان دەتوانی کراسە کۆنیش بکڕین، گوتمان بابچینە لای خەیاتێک یەخەکەمان بۆ وەرگێڕێ، بەڵام سەودای دەگەڵ دەکەین، نابێ لە دە فلس زیاتر بدەین. هەر خەیاتێک چووین، بێ سەوداکردن دەریدەکردین، ئەوە کاری من نییە. کاکە با خەیاتێکی خوێڕیلەی

بێکاری برسی پەیدا کەین. بە کۆڵاناندا دەگەڕاین، عەرەبێکی عەگال بەسەر لەپشت ماشێنێکی خەیاتییەوە دانیشتبوو، بە مل کزی و مینگە مینگ گوتمان: برا ئەو کراسەمان بۆ وەرگێڕە.

یەخەی کراسی وەرگێڕا. دڕاویی لای ژوورەوەشی پینە کرد، دەبەرمان کردەوە، بیست فلسمان دەرهێنا. گوتی:

- هیچم ناوێ، بەو شەرتەی هەر کارێکی واتان هەبوو بێنەوە لام، من عەکسی جوانی خۆم لە ئێوەدا دیت.

- چۆن؟

- لە نەجەف هاتمە بەغدا کار بکەم، دوورمانم بە دەست دەزانی، یەک فلسم دەگیرفاندا نەبوو، خودایە لە کوێ بنووم؟ نان چۆن پەیدا کەم؟ پاش نوێژ بوو، بە بازاڕی ئەحمەدی بە خەیاتانەوە دەگەڕام. بە دوگمە و دڕاو دروونەوە بیست فلسم پەیدا کرد. چوومە مزگەوتی ئەحمەدی، لەسەر حەسیری بەرهەیوان بەردەمۆرم دانا نوێژ بکەم، مجێور هات بەردەمۆرەکەی فڕێدا و بە پاڵەپەستۆ دەریکردم.

مەلای مزگەوت بەزەیی پێمدا هات، خۆی لە مجێور تووڕە کرد، گوتی:

- کوڕم بڕۆ نوێژی خۆت بکە، ئەگەر جێگای خەویشت نییە شەوانە لە حەساری مزگەوت بخەوە. ڕۆژانە دەچوومە سەر کار پەیداکردن و پاش عەسر دەهاتمەوە حەوشی مزگەوت. پاش عەسر، کە مزگەوت چۆل دەبوو، چارەگە قاڵبێکم سەهۆڵ بە بیست و پێنج فلس دەکڕی و دەمخستە کووپەی ئاو خواردنەوەوە و کەس نەیدەزانی منم. ڕۆژێ سەهۆڵم خستە ناو کووپە، مەلا خۆی لێ گرتبووم.

دیتی من ئەو کارە دەکەم. لەپاش جەماعەتی نوێژی شێوان گوتی:

- ئێوە چەند ساڵە لەو مزگەوتە نوێژ دەکەن، قەت دەستتان بۆ گیرفانتان نەچووە سەهۆڵ بکڕن، ئەم کابرا غەریبە نەجەفییە، کە لە حەسار دەنوێ، سەهۆڵاوی بۆ ئێوە ساز کردووە، ئیتر لەو ساوە لەبەر هەیوانی مزگەوت لەسەر حەسیر دەنووستم. چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٠٥).

نەمتوانی هەموو چیرۆکەکە نەنووسمەوە، تەنیا داتاکانی ناوی بۆ هەر کۆمەڵناسێک بەسە، ژیانی ئەو کاتی بەغدا، سیستەمی ئایینی، سیاسییش بخوێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

- دوو پەناهندە، کە تاوانیان لە وڵاتی خۆیان تەنیا نەتەوەخوازی، داوای مافی خۆکردن بووە، تەنیا بەشدارییان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنەوەی ئیدارەی داڕووخاوی شارەکەیاندا کردووە، لە قورسترین حاڵەتدا، تەنیا ویستوویانە نەتەوەکەیان بە مافە سەرەتاییەکانی خۆی بگات، لەسەر ئەوە ڕاو نراون و دەربەدەر کراون، لەگەڵ ئەوەشدا کەس سەرکۆنەی زۆردار ناکات، ئەوان لەوپەڕی برسییەتیدا دەژین، بە ڕادەیەک، توانای چاککردنەوەی کراسە کۆنەکانیان نییە، نەک کراسی تازە بکڕن.

- تەنیا کەسێکی لە خۆیان داماوتر، یان هێندەی ئەوان چەساوە، فریایان دەکەوێت و کراسەکانیان بۆ چاک دەکاتەوە.
- پەنا بۆ مزگەوت دەبات، لەبەر ئەوەی کولتووری مەزهەبی خۆی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەردەمۆر، زوو دەناسرێتەوە و دەیانەوێ بە پاڵ دەریکەن.
- مەلایەکە ناهێڵێ و ڕێگەی دەدا نوێژەکەی بکات و شەوانە لە حەوشەی مزگەوت بخەوێ.

- یەکێک لە مەترسییە قورسەکانی نێوان مەزهەبەکان، تێکنەگەیشتنە، خەڵکە ڕەشۆکییەکە تێناگات و هەمیشە دەیەوێ بە دژایەتیکردنی (بەرامبەر) دڵسۆزیی خۆی بۆ سەرەوەرەکە بسەلمێنێ و پاداشتێکیش بۆ قیامەت وەرگرێ، یا بە سزادانی پیاوێکی لێقەوماویش بێ.

- تا ئەمڕۆ ئەوەی مەترسییە ئەو جەماوەرەیە کە بێ ئەوەی شارەزایی هەبێ، دەیەوێ هەموو ڕکەبەرێک یان (ئەویدیکە) پان کاتەوە. لە بەرامبەردا مەلایەکمان هەیە، کە ڕەمزی تێگەیشتن و قبووڵکردنی ئەویدیکەیە، لەسەر ڕەوشت و هەڵوێستە تایبەتەکانی بڕیار دەدات، نەک (هەویەی کەسەکە).

- ئەم چیرۆکە دەلالەتێکی زۆر جوانیشی تێدایە، ئەویش هاوخەمیی نێوان شیعە و کوردە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ. ئەو چەوسانەوە هاوبەشەی کورد و شیعەی کردبووە برا، وەک ئەوەی گۆرانی مەزن دەڵێت (لە یەک کاسەی تاڵی نۆشین، برایی کردین بە هەنگوین). ڕاستە گۆارن ئەو ڕستەیەی بۆ برایەتیی کورد و عەرەب بەکار هێناوە لەبەرامبەر ئەو چەسانەوەیەی، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی دەبوونەوە. ئەو تێگەیشتن و هاوخامیەی نێوان هەژار و کابرای عارەبی عەگال بەسەر تامکردنی تاڵییە، تاڵی و ژەهرەماری ڕۆژانە، کە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی دەرخواردیان دەدان.

**- ئەو برایەتییە تا ئەو کاتە ڕاستە، کە تامی تاڵییەکە نامێنێ و کاسەی تاڵی نۆشین دەشکێ.**

٢٨ - ١٢ - ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## جوویەکی سابڵاغی دەڵاڵی بازاڕە

### ٩

یەکێک لە جوانییەکانی کۆمەڵگە، ڕەنگاوڕەنگییەکەیەتی، ڕەنگاوڕەنگی لەناو خێزان و کۆڵان و گەڕەک و شارەکاندا دەست پێدەکات. بۆ دیتنی ئەو ڕەنگاوڕەنگییەی کۆمەڵگەی سەدەی ڕابردوو، دەبێ جارێکی دیکە بەوردی چێشتی مجێوری مام هەژار بخوێنییەوە.

- هەرکەس بە یادەوەریی خێزانەکەی خۆیدا بچێتەوە، دەبینێ ماڵ و خێزان تەنیا لەسەر ئەندامانی خێزانەکە قۆرخ نەکرابوو، لە هەر خێزانێکدا کەسێک، یان چەند کەسێک هەبوون، کە هیچ پەیوەندییەکی خوێنییان بە خێزانەکەوە نەبوو. ڕەنگاوڕەنگیی خێزان

- بۆ نموونە، دڵداری شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا (کە یەکەم ئۆتۆبیۆگرافی کوردە نووسرابێتەوە) ئەوەندەی باسی فاتیمە سەید دەکات، کە هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتیی لەگەڵ خێزانەکەیدا نەبووە، باسی خوشک و براکانی خۆی ناکات. یادەوەرییە هەرە حەماسییەکانی بۆ ئەو نووسیوە، بیری ئەو دەکات و لە گەورەییدا حەز دەکات بەسەر دەست و پێیدا بکەوێت.

- زۆر جار بابم باسی مام حەمەد و پوور ئامینێکی دەکرد، کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵیاندا ژیاون و زۆر خۆشەویست بوون و وەک ئەندامی خێزانەکەی خۆیان باسی دەکردن (ئەو یادەوەرییە هی سییەکانی سەدەی ڕابردووە). دەتوانم چەندان نموونەی دیکەش بهێنمەوە. تەنیا بۆ یەک مەبەست، ئەویش ڕەنگاوڕەنگیی خێزانی کوردە، قبووڵکردنی خەڵکی دیکەیە، هەتا لەناو ژوورەکانی ماڵدا، بەشکردنی خواردن و لێفەی ماڵە لەگەڵ خەڵکانی دیکە، کە نە خوێنیان لەگەڵمان هاوبەش بوو، نە کارکردن و نە خزمایەتی، تەنیا لە مرۆڤایەتیدا هاوبەش بووین.

- لە کۆڵانەکانیشدا خەڵکی جیاواز و سەر بە ئایین و مەزهەبی جیاواز هەبوون. ئەوەندەی من لەبیرم بێ، هەر لە قەڵادزێ هورمز و پەترۆس و چەند ماڵێکی دیکەی کریستیان هەبوون، بابیشم باشی ئیسحاق و ئۆنانە شەلە و گەڕەکێک لە

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

جووی دەکرد، لەنزیک گەڕەکەکەی خۆیان.

- بۆ لێکۆڵینەوەیەک، کە پەیوەندیی بە دابەشبوونی دانیشتوان و باری کۆمەڵایەتیی شارەکانی کوردستانەوە هەیە، چەند ساڵێک لەوەوبەر، بە تۆماری قوتابخانەکاندا چوومەوە، ئەو بابەتە ماوە و هێشتا تەواو نەبووە. لە تۆماری یەکەم قوتابخانەی هەولێر، هی ساڵانی ١٩٢٩ و ١٩٣٠، دەفتەری ئەو تۆمارە، کە من بە سەرمایەیەکی نەتەوەیی دەزانم، لەناو تۆمارەکەدا بەتەنیشت لاپەڕەیەکی قوتابییەکی موسڵمانەوە، قوتابییەکی جوو هەیە، لەدوای ئەویش قوتابییەکی مەسیحی هەیە، هەموویان زانیاریی ئایینی و خێزانی و نەتەوەییان بەوردی تۆمار کراوە، بەبێ ئەوەی کەسیان هەستیان بە شەرم، یان ترس لە یەکتری کردبێ.

## هەژار و فرەکولتووری

- هەژار بابایەکی ئاوارە و خۆ ونکردوو، لە درێژەی گێڕانەوەکانیدا، لەو کەسانەی یارمەتییان داوە، یان کاری لەگەڵ کردوون، ئەوەندەی ئەرمەنی و جووی تێدەکەوێ، خەڵکی دیکەی تێناکەوێ.

- هەژار خۆی و زەبیحی و حەسەنی قزڵجی، بە سێ سەربازە پاڵەوانەکەی ئەسکەندەر ناو دەبات. تەنیا ئەو دوو کەسە لە جوو و ئەرمەنی زیاتر ناویان دێت.

ئەوەی من لە درێژەی ئەم وتارەدا مەبەستمە، فرەڕەنگیی کۆمەڵگەیە، ئەو فرەڕەنگییە نەک کێشە نەبووە، ژیانی خەڵکی فرەڕەنگتر کردووە.

(.... گوتیان جوولەکەیەکی سابڵاغی دەڵاڵی بازاڕە و لە خانێکە. چوومە لای و دەردی بێکاریم لە لای هەڵڕشت.

- سابڵاغیت؟

- بەڵێ.

- دەبچۆ لای (منەشێ) بڵێ (یەرمیا لاوی) ناردوومی.

- چوومە لای منەشێ جوابی کردم.

- ئەو جارەش بچۆ.

منەشێ، کە زانی یەرمیا ڕایسپاردووم، گوتی:

- ئەمڕۆ بیست و سێیە، سەری مانگ وەرەوە کارت بۆ پەیدا دەکەم. خەبەرەکەم بۆ یەرمیا هێنایەوە.

- باشە ڕاوەستە.

- کوڕە چۆن حەوت ڕۆژ ڕاوەستم؟ هەر ئێستا ئەوە لە برسان قۆڕەی زگمە، چوار فلس شک نابەم بیدەم بە نانێک.

- من خواردنت دەدەمێ.

- خوا بتهێڵێ، بەڵام بڕیارم داوە لە ڕەنجی شانی خۆم نەبێ نانی کەس نەخۆم.

هەرچی کردی و کراندی فایدەی نەبوو. پوولی دەرهێنا بمداتێ، نەمویست. گوتی:

- دەسا بچۆ مەرقەدی غەوس، حوسێنی کەڕەناچی ببینە و بڵێ یەرمیا ناردوومی، کارم بدەیە.

کابرایەکی ریش سپی، لیباس عارەبی، لە حەساری دیوەخانی نەقیبی غەوس، لەسەر کورسییەک بەرانبەر بە قاوەجاغ قلیانی ئاوی دەکێشا و لینگی لەسەر لینگی دانابوو. ئەسپاردەی یەرمیام پێ گوت. گوتی:

- دانیشە. چای بۆ بێنن.

- دەی مامە کارت هەیە بیکەم؟

- بەڵێ من چیم کرد و چیم خوارد، تۆش وەک من. هەستە با حەسار ئاوپرژێن کەین.

نیوەڕۆ گۆشت و پڵاو بە پێی فیلان بوو، زۆرمان لەبەر مایەوە. بە شەرمێکەوە گوتم:

- هاواڵێکم هەیە، دەتوانم تۆزێکی بۆ بەرم؟

- چۆن ناتوانی؟ هەموو ڕۆژ بۆی بەرە.

بە پڵاوی ماڵی نەقیبەوە مژدەی کارم بۆ قزڵجی هێنا و گەڕامەوە سەرکار. چێشتی مجێور، هەژار، لاپەڕە ١٠٤).

مرۆڤایەتی سنووری نییە

- هەژار کوردێکی سیاسی و نەتەوەیی ئاوارە، موسڵمانیش.

- یەرمیا لاوی جوو، منەشێ، کە ئەویش هەر موسڵمان نییە.

- بە قسەی یەرمیا لاوی، کە لە خەمی هاوشارییە سابڵاغییەکەیەتی، هەژار کاری دەست دەکەوێت، ئەویش لە کەنیسەی مەسیحی و کەنیشتەی جووان نا، لە مەرقەدی غەوس. هیچ نامۆییەک لەو پەیوەندی و تێکەڵییەدا نییە. ئەوەی هەیە هاوکاریکردنی ئینسانەکانە بۆ زاڵبوون بەسەر نەهامەتییەکان و ئاسانکردنی ژیانە.

- ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە، خوێنەر هەست بە تێکەڵاوی و ئاساییبوونی ئەو پەیوەندییە دەکات و هەرگیز شتێکی نامۆی تیدا نابینێ. ئەوە ئەوەندەی پەیوەندیی بە خوێنەری ئێستاشەوە هەیە.

خوێنەری ئێستا:

- لە تەمەنی خۆیدا جوویەکی نەدیتووە، لە قوتابخانە یەرمییایەک لای دانانیشێ، نازانێ چۆن قسە دەکەن و ڕۆیشتن و تەماشاکردن و نانخواردنیان چۆنە. هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە دوکاندارێک، یان وەستایەکی دیوار، یان هاوسێیەکیان جوو بێ. نەک هەر ئەوە، پێشی قبووڵ ناکرێ. نەک هەر ئەوە، پێچەوانەکەی بەتەواوی ڕاستە، جوو بوونەوەرێکی سەیرە،

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

**غەیرە دینە، دوژمنە، هیچی لە ئێمە ناچێ!**

**ئەگەر بمانەوێ ئەو نەوەیە کەسانی جیاواز قبووڵ بکات، دەبێ بەوردی چێشتی مجێور بخوێنێتەوە. دەبێ لەنزیکەوە ئەوە ببینێ، کە چۆن بە قسەی یەرمییایەکی جوو، مام حوسێنی کلیلداری غەوسی ماڵ لە بەغدا، هەژاری ئاوارە لای خۆی و لە ماڵی نەقیب، واتا خەلیفەی غەوس دادەمەزرێنێ.**

**لە هەموو لاپەڕەیەکدا جوویەک، مەسیحییەک یان ئەرمەنییەک هەیە، کە هەمیشە جێگای متمانە و دۆستایەتی و هاوکاریین. هەوڵ دەدەم زیاتر ئەو بابەتە ڕوون بکەمەوە.**

**٤ - ١ - ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe

## دڵم لەرزی! نەکا ڕەفیق چالاک ناوی منیش بڵێ

### ١٠

چێشتی مجێور وەک یادەوەری ناخوێندرێتەوە، ڕاستە بەو خەیاڵە نووسراوە، بەڵام وەک دەقێکی ئەدەبی دەخوێندرێتەوە کە جیهانبینی و فەزای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوە هەر ژیانی هەژار نییە، تەنیا ژیانی پیاوێک نییە کە لە ماڵەکەی خۆی دوور کەوتووەتەوە و لە ئاوارەییدا ژیاوە، نا بەهۆی چێشتی مجێورەوە دەکرێ نەخشەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیە بکێشیەوە کە تێدا نووسراوە.

لە نووسینەکانی پێشتر هەوڵم دا ئەوەندەی دەکرێ جیهانەکەی ئەو بخەمەوە ڕوو، کەمێکیشم کرد. بابەتێکی گرنگ هەیە کە من زۆرم خۆم لێی دەپاراست، ئەویش بیروباوەڕی هەژارە، بۆ خۆشی زۆر هەوڵی داوە بە پەنایدا تێپەڕێت و لە درێژەی خوێندنەوەکەدا خوێنەر ئەوەی بۆ ڕوون بێتەوە.

#### بیروباوەڕی هەژار

هەژار چ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، لە ڕۆژانی سەرەتای گەورەبوونیدا، چ لە بوونی لەناو جووڵانەوەکانی کوردی سەردەمەکەی خۆیدا، لە مهاباد و بوونی لەتەنیشت قازییەوە، چ لەناو چێشتی مجێورەکەیدا، بانگی بیروباوەڕ و ڕێبازی فکریی خۆی داوە، کە ئەویش کوردپەروەرییە. هەموو حزب و گرووپێکی لەسەر ئەو بنەمایە هەڵسەنگاندووە.

- یەکەم سەرچاوەی فێربوونی ئەو، مزگەوت و خانەقا و حوجرە بووە، بنەمای ڕۆشنبیرییەکەی لەوێ دامەزراندووە.

- سەردەمەکەی پڕ بووە لە کێشەی سیاسی و شەڕ و بەریەککەوتنی ئایدۆلۆژییەکان.

- هەم سەردەمی هۆشیاریی نەتەوەیی و هەم سەردەمی هۆشیاریی چینایەتی بووە کە هەردووکیان لە ڕێگای حزب و ئۆرگانە سیاسییە نهێنی و ئاشکراکانەوە گوزارشتیان لە خۆیان کردووە.

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

- کورد وەک نەتەوەیەکی (فەرامۆشکراو) هەم لەڕووی نەتەوەیی و هەم لە ڕووی چینایەتییەوە باوەشی بۆ هەردووک بیروباوەڕ و جووڵانەوە کردووەتەوە. یەکەم گرووپی نەتەوەیی کە هەوڵی ڕزگارکردنی کورد دەدات لە ڕووی نەتەوەییەوە، لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهان (مەبەستم ئەو سەردەمەیە کە هەژار تێیدا ژیاوە) لەو شارەدا دەبێت، کە هەژار تێیدا دەژی. مهاباد دەبێتە سەنتەری بیری نەتەوەی کورد و کوردپەروەران لە هەموو کوردستانەوە ڕووی تێدەکەن.

- لە هەمان کاتدا بەشی زۆری ئەو کوردپەروەرانە بە بیری چینایەتی و ئایدۆلۆژیایی مارکسییەت گۆش کراون. هەژاریش لە هەموویان نزیک بووە.

- لە ئاوارەییشدا لە فەزایەکدا ژیاوە، کە نزیکەی هەموویان یان شیوعی بوون، یان نەتەوەیی مارکسی بوون، لە ژیانی ڕۆژانەشدا بێ ئەوەی بیەوێ نهێنیی هەموویانی کەوتووەتە لای و پارێزگارییشی لێ کردوون.

(ڕەفیق چالاک ببووە یەکێک لە زەلامەکانی حزبی کۆمەنیست و بەرپرسی بەشی بەغدا بوو، ڕۆژێک هاتە دوکان و گوتی:

- مزگێنییەکم دەیە!

- خێرە؟

- تۆ دەزانی حزبی کۆمۆنیست دوو دەرەجەیە، ئەندام تا دوو ساڵ دەچێتە حزبی تەحەڕڕوڕی وەتەنی، لەژێر چاودێریدا دەبێ، ئەگەر لە ئەزموون دەرچوو، ئەودەم دەکرێتە کاندید بۆ حزبی کۆمۆنیست.

- بەڵێ بیستوومە.

- جا کاکی خۆم، تۆ کە پیاوێکی باشی و نەشەراتی ئێمەت بۆ دێ و دەیکڕی و ڕێگەی پۆلیس و گوزارشدان نازانی، سەرانی حزب بەگشتی تۆیان بە ئەندام قبووڵ کردووە و دوو ساڵە پێشەکەیان لەسەر هەڵگرتووی. دەستت بێنە تەبریکت بکەم!

- کاک ڕەفیق زۆر شانازی دەکەم، کە ئێوە بڕواتان بە من هەیە و بە پاکم دەزانن، بەڵام بڕیارم داوە پاش (ژێ کاف)

نەچمە ناو هیچ حزبێکەوە، ئەگەر بەبێ بوونە ئەندامی ڕەسمی پێم ڕازی دەبن باشە، ڕازیش نەبن من هەر ئەو هەژارەم، کە ناسیوتانم. چێشتی مجێور، لاپەڕە، ١٣٢).

- ڕەفیق چالاک وەک دەنگی کۆمۆنیستەکان بڕوای بە هەژار هەیە و وەک نیشتمانپەروەر و دڵسۆز متمانەی پێکردووە و وەک یەکێک لە خۆیان حیسابی بۆ کردووە. هەژاریش شانازی بەو متمانەیە دەکات.

- هەژاریش زۆر جار باسی ئەوە دەکات کە حزبی پارتیش ئەدەبیاتەکەی پڕە لە مارکس و لینین.

- ململانێی حزب و بەرژەوەندیی کەسی و گەمەی نیودەوڵەتی ئەو نێوانە تێکدەدات و هەژار وەک دیدی خۆی مارکسییەکان بە دژە کورد دەبینێ.

- لەو تێڕاوانینەشەوە لە زۆر شوێن، کە پێویست نییە، پەلاری لە کۆمۆنیستە هەرەگەورەکان داوە، لەوانە جەمال حەیدەری و خالید بەگداش و زۆربەری ئەو کۆمۆنیستانەی ناسیونی. دەشێ تاکە بیروباوەڕ و حزب لەو کتێبەی هەژاردا غەدری لێ کرابێ، کۆمۆنیستەکانن. دەشێ ئەوەش پەیوەندیی بە دوژمنایەتی و ڕقلێبوونەوە نەبێ، ئەوەندەی وەک دۆستێک ڕەخنەی لە کەسە هەرە نزیکەکانی گرتووە، بەو بڕوایەی کە ئەوان لە خەمی کێشەی کورددا نیین.

- نامەوێ هەموو ئەو بەشانە باس بکەم، کە هەژار تێیدا بێ ئەوەی پێویست بێ پەلاری لە کۆمۆنیستەکان گرتووە. وەک لە درێژەی بابەتەکەدا دەردەکەوێت، بەشێکی زۆری ئەو پەلارانەی لە دۆستە کۆمۆنیستەکانی داوە و لە زۆر شوێنیشدا وەک گاڵتە و تەشەری دۆستانە قسەکانی کردووە.

(... پێنج مانگ بوو لە بیمارستان بووم، ڕادیۆی بەغدا بڵاوی کردەوە، کە ڕەفیق چالاکی کۆمۆنیست گیراوە و ئیقراری لەسەر هەموو ئەندامانی حزب کردووە و ئەوا هەر ڕۆژێ ناوی چەند کەسێکیان لەسەر ڕادیۆ بڵاو دەکەینەوە. دڵم لەرزی! نەکا ناوی منیش بڵێ و لە بیمارستانەوە بمبەنە زیندانی بەغدا. سەرباریش، ڕەفیق دەمناسێ، کە لە کۆمەڵەوە هاتووم. خوایە هاوار، هەموو ڕۆژێ گوێم بە ڕادیۆوە دەنا، ڕۆژنامەی بەغدام دەپشکنین، لە ناوی خۆم دەگەڕام. نەخێر ناو نەهات. چێشتی مجێور، لاپەڕە ١٤٢).

ترسی هەژار لە ڕەفیق چالاک، ترسی هەژار نییە لە کۆمۆنیستەکان، نەخێر، ترسێکە، یان فۆبیایەکە ئەو کاتە بەشی زۆری

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

شیوعییەکان لە ڕەفیق چالاکیان هەبوو. ئەو ئەندامانەی، کە زانیاریی حزبییان، یان ناوی نهێنی و چالاکییان لای ئەو بوو، ژمارەی ئەوانەش کەم نەبوو، بەڵکوو زۆر زۆر بوو، چونکە ڕەفیق چالاک یەکێک بوو لە ئەندامە هەر چالاک و وریا و زیرەکەکانی حزب، ئەوە جگە لەوەی، کە بە هەموو پلەکانی حزبایەتیدا هەڵکشابوو، تا ببووە بەرپرسی ڕێخکستنەکانی بەغدا. هەموو ئەوانە تووشی ئەو فۆبیای ترسە لە ڕەفیق چالاک ببوون، تا ڕادەی ئەوەی وەک هەژار لەرزیان بێتێ.

دەمەوێ بڵێم، هەژار لەو بەشەی خۆی ترساوە، کە کۆمۆنیستە، ئەو بەشەی کە هاوکاریی کردوون و بەیان و ئەدەبیاتیانی کڕیوە و بڵاویشی کردوونەوە.

– دەکرێ ژیانی هەژار لە سۆڤیەت، مانەوەی لەو وڵاتەدا بۆ ماوەی زیاتر لە یازدە مانگ و گەڕان و بەسەرکردنەوەیەکی زۆر و کۆڕگێڕان و بەشداریکردن لە چالاکیی کوردان و ئەدیبانی ئەوێ، ئەو بابەتە زیاتر ڕوون بکاتەوە، ئەوەش بۆ بەشێکی دیکە جێ دەهێڵم، بێگومان کە هەژار ڕێگامان بدات.

١١ - ١ - ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

## دەمگوت بزانم سەگبابێک دەزانێ خوێم تێنەکردووە؟

**١١**

ئەو چێشتی مجێورە دەبوو ناوی هەژارنامە بایە، لەلایەکی دیکەشەوە، بەڕاستیی چێشتی مجێورە، کە سەری هارواری تێدایە. من نیازم بوو تەنیا یەک وتار لەسەر ئەو بابەتە بنووسم، ئەویش بۆ ئەوەی یادی هەژار بکەمەوە، بەڵام دەوڵەمەندیی کتێبەکە بەری نەدام و هەر لاپەڕەیە و دەرگایەکی تازەی دەکردەوە. پێویستە دە وتار تەنیا لەسەر کەسایەتییەکانی ناویدا بنووسرێ.

ئەحمەد تۆفیق لەوێدا زیندووە، جگەرخوێن شاعیری خەڵکە، یەرمییا هێشتا لە کۆڵانەکانی بەغدایە و هێمن لەپەنا تینی ئاگر، بەدیار ساغکردنەوەی وشەکاندا دەگەڕێ.

- بەلامەوە پێویست بوو، سەردانی کەسایەتییەکان بکەم، بەتایبەتی ئەو کەسایەتییانەی، کە بەس لای هەژار هەن، بۆ نموونە، مام عەلی عەجەم، کە کەسایەتییەکی زۆر تایبەت و دەگمەنە:

(... مام عەلی عەجەم شتێکی زۆر سەیر و خۆش بوو، درێژێکی باریک، بە جووتێک سمێڵی شاعەباسیی سپی و دەموچاوێکی سووری بریقەدار، وەک "متوشالحی تەورات"، کەس نەیدەزانی عومری چەندە! بە خەیاڵ بە هەشتا ساڵمان دادەنا. وا دیار بوو ڕۆژێک لە ڕۆژان ترکی ئازەربایجانی بووە. کوردییەکی زۆر چاکی دەزانی، بەڵام ترکانەی دەگوت. ترکیشی باش لەبیر نەمابوو. خوا دەزانێ چەند ساڵ بوو لە کوردستانی موکریان و لە کوردستانی عیراق ژیابوو. لە کێو نەبا نەدەژیا. دەگەڵ پێشمەرگەی جمهوری سابڵاخ لە لای سەردەشت بووە، پاش شکانی جمهوری، دەگەڵ "عەلە گاور" و "سەمەدی چەتە" شەو بە کێو ژیاوە.

لە سەرەتای شۆڕشی بارزانیشەوە هەر دەگەڵ بووە. قەت لە کارکردن ماندوو نەدەبوو، کاریشی چێشتلێنان و ڕێکوپێک ڕاگرتنی بنکە بووە. لە هەموو تەمەنی، شەو بەکێویدا و هەموو گیانیشی هەموو دەم فرۆفیشاڵ بوو. درۆی وای دەکرد، کە دەفتوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێ، ناوی هەرکەسی بیستبا - جا با چوار سەد ساڵ لەوە پێشیش مردبا - دەیگوت دەمناسی و زۆری نەقڵی دۆستانەی لێ دەگێڕایەوە!

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

بەڵام درۆکانی ئەوەندە بەڕێ و جێ دەکرد، زۆر کەس پێی هەڵدەفریوا و تا درەنگانێک بە ڕاستی دەزانین:

– لێنین؟ ئەی بەڕەحمەت بێ! لە مۆسکۆ دیتمی سەری چەنەگەی ماچ کردم، فەرمووی عەلی بەرنە مووزە بە کەیفی خۆی چی دەویێت هەڵگرێ! گەڕام، گەڕام، جووتێک کڵاشی هەورامیم هەڵبژارد. هەموویان بۆیان لە چەپڵەدام!

– گاگارین گوتی: میللیەت باش نییە!

گوتم: ئەگەر تۆ لە عاسمان دەگەڕای لە کوێ دڵت خۆش بوو؟

- لەسەر مۆسکۆ.

- ها ئەوە تۆش میللی!

لە چەپڵەیان دا! چێشتی مجێور، لاپەڕە ٣٤٧).

هەژار وەک خۆی دەڵێت مەلا، کەڵکی لە هەموو جۆرەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە، لە شوێنێک حیکایەتخوانە و بەسادەیی هەموو شتێک دەگێڕێتەوە، لە شوێنێک شیعر دەڵێت، لە سەدان شوێن فۆڕمی چیرۆک بەکار دێنێ و لەو بەشەشدا لە ڕێگای نوکتە و فەنتازییاوە کەسایەتییەکانی نیشان دەدات، دوای ئەو باسەی هەژار، "مام عەلی عەجەم" وەک کارێکتەرێکی زیندوو دەچێتە ناو یادەوەریمان. پیاوێکی سەیر، ئەو سەیروسەمەرەییەی لە یەکەم وەسفەوە دەردەکەوێت. ئازەری، کە ئازەری نازانێ، کوردی بە تۆنی ترکی دەڵێ، کوردی بە ڕادەیەکیش دەزانێ کە هەژار، زانای زمان و بلیمەتی وشەسازی، کەڵکی لێ وەرگرتووە. ئەوە ژیانەکەی تەنیا بۆ لەزەت دەخوێنینەوە، ئەی قسە فەنتازییەکانی، کە تا دنیا هەیە کۆن نابن.

- پیاوێک لەو شاخ و کێوە لێنینی دیوە و قسەی لەگەڵ کردووە، دیاریی لێ وەرگرتووە. دیارییەکەش کڵاشی هەورامی.

- بە خەیاڵی خۆی، کە ڕاستیشە، گاگارین دێنێتە قسە و مۆسکۆ جێگای دڵخۆشیی ئەو بووە، کەواتە نەتەوەییە، ئێمەش حەقی ئەوەمان هەیە، دڵمان بە وڵاتی خۆمان خۆش بێ.

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

ئەو فەنتازی و وێنە جوانانەی لە قسەکانی مام عەلی عەجەمدایە، بەڕاستی ناوازە و دەگمەنن.

– **مارشاڵ تیتۆ؟** ئەوێ ساڵێ ئەمن لە وارشۆ نوتقم دەکرد، منداڵێک بوو جلی مارشاڵیان دەبەر کردبوو، زۆر منداڵێکی خوێنشیرین بوو!

– **مۆشی دایان؟** ئێستا تووتن و پەڕم پێ قەرزدارە! فەعلە بوو لە جادەی گەلی عەلی بەگ، گوتی مام عەلی بۆ جغارە چیبکەم؟ تووتن و پەڕ و چەغماغم دایە. ئەمما ئەودەم ناوی مووسا دایەن بوو!

- جزیرەی خارک چواردەوری بەحرە، پڕە لە تیمساح. کێ بچێتە دەم ئاو، تیمساح دەیخوا. تاقە پردێکی هەیە، تەنیا زیندانییەک لە دنیادا توانیویە لەوێ هەڵێ، ئەویش من بووم! چێشتی مجێور.

**مام عەلی فەنتازیاکانی لەسەر دنیای ڕاستیی دروست کردووە، لێنین، تیتۆ، مۆشی دایان، سمکۆی شکاک، سەتارخان، چەندان کارێکتەری ناسراوتر. ئەوەی جێگای سەرنجە، فەنتازییەکانی لەخۆیەوە دروست نەکردووە، جگە لەوەی مەبەستێکی تایبەتی هەبووە، لەگەڵ فەزاکەش گونجاندوویەتی.**

مام عەلی عەجەم تەنیا بە وشە نوکتە و حیکمەت دروست ناکات، لە ئیشی ڕۆژانەشدا ئەوە بە کردار و واقیع دووبارە دەکاتەوە. ئەوەش یەک مانای هەیە، مام عەلی فەزایەکی مەعنەویی تایبەتی بۆ خۆی دروست کردووە، وایش کردووە، دەورە و بەرەکەی قبووڵی بکات.

**هەژار دەنووسێ:**

(... مام عەلی چێشتی لێدەنا، بەڵام دەگەڵی نەدەخواردین. ڕۆژێک برنجی سی کەسی لێنابوو، خوێی تێ نەکردبوو، کاکە ئەحمەد (مەبەست ئەحمەد تۆفیقی سەرکردە و دلێرە)

**گوتی:**

- مام عەلی وابزانم کەمێک بێ خوێیە!

## هەژار وای گوت

**نووسینی: جەبار جەمال غەریب**

**- ئافەریم! هەر دەمگوت بزانم سەگبابێک دەزانێ خوێم تێنەکردووە؟ تەجرەبەم کردن، تۆ زۆر زیرەکی! چێشتی مجێور).**

**مام عەلییەکی عەجەم، چێشتیان بۆ لێدەنێ، نەتەوەی جیاوازە، پلەیەکی ئەوتۆشی نییە، لەگەڵ ئەوەش دەتوانێ تەنز بە هەموویـان بکـات، لەپـێش هەموویـانەوە ئەحـمەد تۆفیـق، کە پیـاوێکی چـالاک و ئـازا و سەرکردەشـە، لەگەڵ ئەوەشـدا خۆشەویستی بارزانییە. عەلی عەجەم زۆر ئاسان پێی دەڵێ سەگباب، تەجروبەیان دەکات، جگە لەوەی خواردنەکەیان لێ خەسار دەکات، دەشیکات بە سەگبابێکی زیرەک.**

**١٨ - ١ - ٢٠٢٢**

## هەی فاسق ماڵەکەم چۆڵ کە!

### ١٢

دەکرێ ئەلبوومێکی گەورە دەربارەی ئەو کەسایەتییانە دروست بکرێت، کە هەژار لە کتێبەکەیدا نەک ناوی بردوون، بەڵکوو وێنەی کێشاون. ڕاستە زۆر لەو کەسایەتییانە ناسراون، بەڵام زۆر جار ئەو وێنەی ئەوەندە جیاوازی لێ کێشاون، کە بۆ ناسینی تەواو و وردەکارییەکانی ژیانیان پێویستمان پێی دەبێ.

- بۆ نموونە، قانیعی شاعیر، سەرەڕای ئەوەی قانیع شاعیری هەرە ناسراوی میللی و خۆشخوانی هەژارانە، کەچی وێنەکانی لای هەژار جیاوازن، تەنیا شەهامەتەکەیەتی لە هەموو وێنەکاندا جێگر و هاوبەشە.

(... قانیع ماڵی هاتبووە کەرکووک، هاتوچۆی دەکردین، بڕیارمان دا کە فێری بلوێر لێدان بین، هەوەڵ دەرس دەبێ وا بکەی (لە بلوێر ژەنیدا)، نەفەس بخۆیەوە و نەیبڕی. قامیشمان لە ئیستیکانی پڕ ئاو دەنا و فوومان بەوسەریدا دەکرد. نەفەس خواردنەوە کارێکی گران بوو. ئەگەر ئەحیانە جارێک فوومان بۆ دەخورایەوە، ئەوەندە پێدەکەنین تا لەبیرمان دەچوو سەرنەکەوتین. چێشتی مجێور. ١٦٥).

لەو قسانەدا، شوکور مستەفاشیان لەگەڵە، ئەوە بابەتی فێربوونی بلوێرژەنین نییە بەتەنیا، ئەوە هەوڵی ئەو جەربەزانەی کوردە، کە هیچ هەوڵێک بۆ فێربوون لەدەست نادەن و هەمیشە لەو بڕوایەدان، دەبێ شتێک فێر بن. لە دڵەوە تێکەڵ یەکتر دەبن و ژیان لەگەڵ یەکتر دابەش دەکەن.

(... قانیع ماڵت چۆن دەست کەوت؟

- بە خوا باوک پیاوێ خێرەومەن وتی تۆ سەید و کوڕی شێخ دەڵاشی، چاوەیەک خانووی داوە پێم.

- قانیع گیان! کابرا هەر کە زانی تۆ وەک باوکت مبارەک نی دەرت دەکا.

- نا باوە پیاوێ خاسە.

ڕەمەزان بوو، ڕۆژێک قانیع بە قاقا هاتە ژوور.

- باوک دەریان کردم! کابرا دیتمی نان دەخۆم، وتی "هەی فاسق ماڵەکەم چۆل کە!" تێ ناگەم، من بە پارەی خۆم نان دەخۆم، خراپەم دەگەڵ کێ کردووە؟).

ئەوە ئەو قانیعەیە، کە هەژار دەیناسێ، نوکتە و گاڵتە بەسەر یەکترناسینیاندا زاڵە، هەر لەو شیعرە تەنز و نوکتەئامێزە دوور و درێژە وەسفییەی بۆی نووسیوە، تا دەگاتە هەوڵی هەژار و شوکر مستەفا بۆ ئەوەی کارێک بۆ قانیع پەیدا بکەن، چونکە قانیع وازی لەوە هێناوە، لەسەر ناوی باوک و شێخایەتی نان پەیدا بکات.

(... حەوڵی دابوو کارێکی دەستکەوێ، نەبوو، گوتمان عەرابە دەستی بگێرە، وردەواڵە بفرۆشە، سندووقە سابوونێکمان بۆ کڕی، مەلا شوکر گوتی چوار بۆڵبرینگیشی دەوێ.

- باوە بۆڵبرین چس؟

- کارت نییە بۆت پەیدا دەکەین.

ئیتر وەک تالیلیەی دەروێشان لەسەر یەک دەیگوت: "بۆڵبرینگ". لە سەقەت فرۆشی دەوری خانەقا دوانمان کڕی. چووینە بەری قۆریە بۆ سانەوە، لە چایخانەیەک دانیشتین،

دوکاندارێکی ئەرمەنی، کە ئامڕازی ترومبێلی دەفرۆشت، لەپشتەوە قانیعی ناسیبوو، هات:

- مەلا قانیع ماندوو نەبی!

- باوک بۆڵبرینگ هەس؟

نووسینی: جەبار جەماڵ غەریب

- ئەرێ وەڵا هەسم و ناتدەمێ! تۆ هیچ نەبێ جوابی سەلام و ماندوونەبیم بدەوە!).

من ئەو بەشەم هەڵبژاردووە، کە کەسایەتیی قانیع لەدەرەوەی شیعر دەناسێنێ، سێ کەس، کە دواتر بە قەد کێوێک خزمەتی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەیان دەکەن، بەدوای بۆڵبرینگدا دەگەڕێن و کار بۆ شاعیرەکەیان دەدۆزنەوە، بەس چ کارێک!

ئەوەی هەژار نووسیویەتی، نیشاندانی کەسایەتیی ئاسایی نووسەر و شاعیرانە، کە دواتر گواستنەوەی ژیانی ئاسایی کەسانی ناسراو، بووە کاری ڕۆژنامە و گۆڤارە هونەرییەکان، کە هەوڵی نیشاندانی ژیانی سادەی کەسایەتییە ناسراوەکان دەدەن.

ناساندن و وێناکردنی چەندان کەسایەتیی ناسراو و نەناسراو لەناو چێشتی مجێوردا ئەلبوومێکی گەورەی دەوێت. ئەو کەسایەتییەی، کە هەژار جوانترین وشەکانی بۆ بەکار هێناوە، ناسکترین و بەنرخترین وشە و دەربڕینەکانی خستووەتە خزمەت، ئەحمەد تۆفیقە.

بۆیە منیش دەمەوێت وەک خۆی بیگوازمەوە:

(ئەحمەد تۆفیق دەستەپیاوێکی بەلەباریکی جوان چاک، سپیکەڵە، مووی لە ڕەشیان بریقەی دەهات. قەت لە کارکردن ماندوو نەدەبوو. زۆر پاک و خاوێن و موڕەتەب بوو. کەس بەپێ دەگەڵی دەرنەدەبرد. ڕۆژ و شەو بێ وچان بە شاخ و کێوان هەڵگەڕابا، نەفەسی تەنگ نەدەبوو. نەیدەهێشت بەردەستانی ساتێک بێ کار و تەمبەڵ ڕاببوێرن. لە غاردانێدا پێم وا بوو، کە کەروێشکی لەبەر دەرنەچێ. تفەنگچیی چاک بوو، نەیدەزانی ترس چییە. هەموو گیانی هونەر بوو. عەیبی ئەوە بوو زوو تووڕە دەبوو. زۆر سەختگیر بوو، خەتایەکی چووکەڵەی لەژێر دەست قبووڵ نەدەکرد. نەیدەبەخشی، بە چاوی بەدبینی دەیڕوانییە زۆر لە هاوەڵەکانی ئێرانی، زۆر دەترسا، کە ساواک ناردبنی. ئەگەر پشووکورتی و زوو تووڕەبوونی نەبوایە، بۆ کاری گەورە زۆر ئامادە بوو. دیسان لام وابوو لە ئایندەدا دەبێتە پیاوێکی گەورە، بەڵام زەمەن موڵەتی نەدا. چێشتی مجێور. لاپەڕە ٣٤٧).

ئەوەی خوێندتەوە کەسایەتیی ئەحمەد تۆفیقە، کە هەموو هێز و سەلیقەی خۆی خستووەتە خزمەتی شۆڕشی کوردەوە. ئەوانە ئەو سیفاتانەن سەرکردەیەک دەبێ هەیبێ، سەرکردەیەک، کە گەل چاوەڕێی دەکات. هەر سینەماکارێک بیەوێ دەتوانێ زۆر

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

بەئاسانی کەساتییە بەرجەستەکەی دروست بکاتەوە. زیرەکی و وردی و سەلیقەی، دڵسۆزی و میهرەبانییەکەی، بوێری و نەترسییەکەی، کەسایەتیی ئەو کارێکتەرە گەورەی ناو بیرەوەرییەکانی هەژار و مێژووی کوردی هێندە بەرجەستە کردووە، کە زەحمەتە جارێکی دیکە ئەو کەسایەتییە لەبەرچاو و لە زەینماندا بزر ببێ.

ئەگەر ژیان تەنیا شەڕ و شۆڕش و بەرگری بەو پیاوە ڕەوا نەبینیبا، ڕێگای دابایە بەشێک لەو توانایەی لە کاری هونەری، یان دیبلۆماسی، یان هەر بوارێکی دیکە بەکار هێنابا، دەبوو ئەستێرەی بەخت و ناسینی گەیشتبایە کام عەرش.

– من نیازم بوو، هەر لە یەکەم وتارەوە سەرنجی خوێنەران بۆ خوێندنەوەی دووبارەی چێشتی مجێور ڕابکێشم، نەک شتێکی دیکە، کەچی ئەوە دوازدە بەشم لەسەر نووسی و هێشتا وا هەست دەکەم هیچم لەسەر نەگوتووە.

٢٥ - ١ - ٢٠٢٢

ئەم وتارانە وەک زنجیرە لە ماڵپەڕی باس نیوز بڵاو کراونەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیویری ٢٠٢٢

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٦ی زایینی

---



# سپاس و پێزانین


**بۆ مامۆستا جەبار جەمال غەریب نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆماننووسی کورد. بو نووسین و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بەنرخە.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**